گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/g4g9z044

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 20/02/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 28/04/2024
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2025

# پاداشت و سزای زمانیی و نازمانیی لەپرۆسەی فێربون و فێرکردندا

**دەرون عبدالرحمن صالح**
darun.salih@univsul.edu.iq
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عیراق.

**پوختە:**

پەسنکردنی جۆرە جیاوازەکانی پاداشت و سزا، یەکێکە لەو بوارانەی دەچێتە چوارچێوەی زانستی زمانی پەروەردەیی و پێداگۆجییەوە، کە ڕۆڵی بەرچاوی لە بەرەوپێشچون و بەرزکردنەوەی زانست و زانیاری لە پرۆسەی خوێندندا هەیە، لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆی دارشتنی بەرنامەیەک بۆ بنیاتنانی کەسێتی تاک، ئەمیش لە ڕێگەی ڕێککاری لە ڕەفتارو ئاکاری فێرخوازاندا. لەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتەسەر پاداشت و سزای زمانیی و نازمانیی لە پرۆسەی فێربون و فێرکردندا، کە پەنـابراوەتەبەر یەکێـک لەمۆدێلەکـانی تیـۆری ڕەفتـاریی، کە بـریتییە لە مـۆدێلی مەرجـداریێتی جێبەجـێکەرانە، ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە (تیۆری پاڵپشتیکردنی پاڵنەر)، کە لەلایەن (سکینەر)ەوە هاتوەتەکایەوە. ئەم تیۆرە لەزانستی دەرونناسی ئەمرۆدا دەخوێندرێت و بۆ چەندین کایەو بوار سودی لێوەردەگیرێت.

یەکێک لەو بـوارانەی کە ئەم تیـۆرەی لەسـەر پەیڕەوکـراوە، پرۆسـەی وانەوتـنەوەیە، کە شـێوەیەکە لەشـێوەکانی فێرکردن، کە بریتییە لە وروژاندن و کاردانەوە لەنێوان مامۆستاو فێرخوازدا. ئەم پرۆسەیە گرنگ و بەبەهایە، کارەکتەری مامۆسـتا ڕۆڵی سـەرەکی دەگێڕێـت، بەهەڵـبژاردنی وشـەو دەسـتەواژەی کاریگەرو گونجـاو لەگەڵ پەیـبردن بە فـاکتەری نازمانیی لەپێناو گەیشتن بەمەبەست و مەرامی دیاریکراو.

ئەم تیۆرە بەتیۆرێکی بەنرخ دادەنرێت، ئاماژە بەخورەوشت و ڕەفتاری مرۆڤ و چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردنی دەکات، هەروەها کار لەسەر پتەوکردنی ڕەفتاری ڕاست و لاوازکردن و نەهێشتنی ڕەفتاری نابەجێ و ناپەسەنددەکات، لەڕێگەی پەیبردن بە پاداشت و سزا لەلایەن مامۆستاوە لەپرۆسەی خوێندنـدا، بێگومـان بەکارهێنـانی پاداشـت و سزا بەدەرنیـیە لەلایەنی ئەرێنی و نەرێنی، بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی هەستیارو بەرنامە بۆدارێژراو مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا بکرێت، بەتایبەتی لەپێناوی خۆپاراستن لەلێکەوتەو مەترسییەکانی سزا.

**کلیلە وشەکان:** پروسەی فێربون و فێرکردن، مۆدێلی مەرجدارێتی جێبەجێکەرانە، تیۆری پاڵپشتیکردنی پاڵنەر، پاداشتی ئەرێنی و نەرێنی، سزای ئەرێنی و نەرێنی.

# Reinforcement and Punishment Verbal and non-verbal in the Learning and Teaching Process

**Darun Abdulrahman Salih**

Kurdish Department, College of Basic Education, University of Sulaimani, Sulaimani Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The current study, which is entitled Verbal and non-verbal Reinforcement and Punishment in the Learning and Teaching Process, locates itself in the domain of educational linguistics and pedagogical linguistics. It sheds light on different types of reinforcement and verbal and non-verbal punishment, which have a pivotal role in developing and enhancing the process of education and in modifying educators' behaviors. This theory is Studied today Within the field of Psychology, and its usefulness extends to many other fields. One of these fields is teaching process, which is Considered a form of education, and the teacher has a major role in it.

The study has adopted the descriptive analytical method into account one of positive reinforcement of Skinner's behaviorism which aims at stimulating positive behaviors and reducing the undesired acts.

The paper is composed of major sections besides the introduction and the conclusion. The first section is an introduction to educational and pedagogical linguistics. In this section, we have focused on these topics: Content Educational Linguistics, Pedagogical Linguistics: Summary and Introduction, Educational Linguistics and Learning and Teaching Process, Learning and Teaching Process from a Behavioral Theory standpoint. the second section deals with the role of reinforcement and punishment—verbal and nonverbal—in the process of learning and teaching. In this section, we have focused on these topics (Model of Operant Conditioning, Programs of Reinforcement theory, Different types of Reinforcement).

**Keyword:** Learning and Teaching process, Model of Operant Conditioning, Reinforcement Theory of Motivation, Positive and Negative Reinforcement, Positive and Negative Punishment.

## پێشەکی:

ناونیشانی توێژینەوەکە: ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (پاداشت و سزای زمانیی و نازمانیی لەپرۆسەی فێربون و فێرکردندا)، ئەم بابەتە دەچێتە چوارچێوەی زانستی زمانی پەروەردەیی و پێداگۆجییەوە. مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکە تیشکخستنەسەر جۆرەجیاوازەکانی پاداشت و سزای زمانیی و نازمانییە لەپرۆسەی فێربون و فێرکردندا، کە کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی بەرەوپێشچونی پرۆسەی خوێندن هەیە.

میتۆدی توێژینەوەکە: ڕێبازی لێکۆڵینەوەی توێژینەوەکە (پەسنی شیکاری)یە، هەروەها پەنابراوەتەبەر (مۆدێلی مەرجدارێتی جێبەجێکەرانە)، کە یەکێکە لەمۆدێلەکانی تیۆری ڕەفتاریی، ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە (تیۆری پاڵپشتیکردنی پاڵنەر)، کە لەلایەن (سکینەر)ەوە دامەزراوەو بۆ چەندین بوار سودی لێوەردەگیرێت، یەکێک لەو بوارانە پرۆسەی خوێندنە.

کەرەستەی توێژینەوەکە: کەرەستەی توێژینەوەکە لەزمانی ئاخاوتنی شێوەزاری سلێمانییەوە وەرگیراوە.

گرنگیی توێژینەوەکە: بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، دەبێتەهۆی بەهێزکردنی ڕەفتاری دروست و لاوازکردنی ڕەفتاری ناپەسەند لای فێرخواز، کە ئەمەیش دەبێتەهۆی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەی تەندروست لەڕوانگەی ڕەفتارەوە، کە ڕۆڵی لەبەرەوپێشچونی ڕەوتی پرۆسەی خوێندندا دەبێت.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانج لەخستنەڕوی ئەم بابەتە ئەوەیە، پەروەردە زیاتر گرنگی بەپاداشت و سزای زمانیی و نازمانیی بدات و لەهەمانکاتدا خۆی لەلێکەوتە خراپەکانی سزا بەدوربگرێت.

کێشەو گرفتی توێژینەوەکە: تیۆری پاڵپشتیکردنی پاڵنەر سودبەخشەو لەچەندین بواردا سودیلێوەرگیراوە، کە یەکێک لەو بوارانە پرۆسەی خوێندنە، بەڵام ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت، کە بەدەرنییە لەلایەنی نەرێنی و کەموکورتی، کە پێویستە بەهەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدابکرێت.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لەپوختە بەزمانی کوردی و بەزمانی ئینگلیزی و پێشەکی و دو بەش پێکهاتوە، کە بەشی یەکەم بەناونیشانی (دەروازەیەک بۆ زانستی زمانی پەروەردەیی و پێداگۆجی)، کە چەند پارێکی سەرەکی لەخۆدەگرێت: کرۆک و ناواخنی زانستی زمانی پەروەردەیی، زانستی زمانی پێداگۆجی: کورتە و دەستپێک، زانستی زمانی پەروەردەیی و پرۆسەی فێربون و فێرکردن، کۆتا پاریش: پرۆسەی فێربون و فێرکردن لەڕوانگەی تیۆری ڕەفتارییەوە. بەشی دوەمیش بەناونیشانی (ڕۆڵی پاداشت و سزای زمانیی و نازمانیی لەپرۆسەی خوێندندا)، ئەم بەشەش لەچەند پارێکی سەرەکی پێکهاتوە: مۆدێلی مەرجدارێتی جێبەجێکەرانە، پرۆگرامی تیۆری پاڵپشتیکردن (پاداشت)، جۆرەکانی پاداشت. توێژینەوەکە بەئەنجام و لیستی ئەو سەرچاوانەی کە سودیان لێوەرگیراوە کۆتایدێت.

## بەشی یەکەم: دەروازەیەك بۆ زانستی زمانی پەروەردەیی وپێداگۆجی

### (1/1) کرۆك و ناواخنی زانستی زمانی پەروەردەیی

### (1/1 –1) مێژوی سەرهەڵدانی زانستی زمانی پەروەردەیی:

زانستی زمانی کارەکیی زانستێکی فرە ڕەهەندەو خاڵی پەیوەستبون و پێکگەیشتنی نێوان زانستی زمان و زانستەکانی ترەو بگرە بەرەنجامی ئاوێزانبونی ئەو زانستەیە بەزانستی زمانەوە. دیڤد کریستاڵ (David Crystal) زانستی زمانی کارەکیی دەناسێنێت و دەڵێ: لقێکە لەلقەکانی زانستی زمان، کە بەشوێن ڕێگا و شێوازە جیاوازەکانی زمانەوانییەوەیە، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە زمانییەکان لەو کایەو بوارانەی سەریانهەڵداوە، گەشەسەندوترین لقی بریتییە لەفێربون و فێرکردنی زمانە بیانییەکان، لەهەمانکاتدا چەندین بواری تریشی گرتوەتەوە، وەك: زانستی زمانی پەروەردەیی،

فەرهەنگنوسی، زانستی زمانی کلینکی و وەرگێڕان. (Crystal, 2008: 31) زانستی زمانی پەروەردەیی (Educational linguistics) بەلقێک لەلقەکانی زانستی زمانی کارەکیی دادەنرێت، کە ناونان و ناساندنی وەك لقە زانستێك دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٢) لەلایەن سپۆلسکییەوە (Spolsky))، کە ئاماژەی بەزاراوەی (زانستی زمانی پەروەردەیی) کردوە. ئەو هۆکارە سەرەکییەی، کە هاندەری (سپۆلسکی) بو بۆ هاتنەکایەوەی ئەم لقە زانستە، هەبونی کێشەو گرفت بو لەپەیوەندی نێوان زمان و پەروەردەدا. (Hornberger, 2001: 3 - 5) هەرچەندە خودی ئەم زانستە (لە ساڵانی (١٩٤٠)ەوە، وەکو زاراوەیەك بۆ پێداگۆگی زمانی دوەم/بیانی بەکاربراوە.) (ئەمین، ٢٠٢٢: ١١). ڕەگو ڕیشەی سەرهەڵدانی زمانەوانیی پەروەردەیی پێش (سپۆلسکی) و لەساڵی (1948) لەگۆڤارێکدا بەناوی (فێربونی زمان) باسی لێوەکراوەو زۆرێك لەزمانەوانان باسیانکردوە. (حەسەن، 2022: 7) زاراوەی (زانستی زمانی پەروەردەیی) لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەکارهاتوە بۆ ئاماژەکردن بەم لقە لەزمانەوانییدا. (سەعید، 2011: 27)

داهێنانی زمانەوانیی پەروەردەیی لەلایەن سپۆلسکیەوە زیاتر وەك وەڵامدانەوەیەك بو بۆ ئەو پرسیارو گومانانە، ئەمەش لەخۆیدا بنەمای ئەو پەیوەستکردنەبو، کە (سپۆلسکی) زمانەوانیی پەروەردەیی بەزمانەوانیی کارەکی بەستەوە. بەمشێوەیە دەتوانرێت بگوترێت، کە زانستی زمانی پەروەردەیی لەبنەڕەتدا زانستێکی کارەکی جێبەجێکارانەیەو ئامانجی سەرەکی زانستەکە بریتییە لەشیکردنەوەی ئەوەی، کە منداڵان چۆن فێردەبن؟ و پەروەردەکارانیش (چ باوان و خێزان بێت چ مامۆستایان بێت چۆن بەشداری ئەو پرۆسەیە دەکەن؟ (عەلی و ئەوانی دیکە، 2011: 284) (سپۆلسکی) لەساڵی (1978)دا لێکۆڵینەوەیەکی لەبواری زمانەوانی پەروەردەییدا بڵاوکردەوەو تێیدا باسی ئەوەی کردوە، کە فێرکردنی زمان و فێربون و پرۆسەی فێرکردن پێویستە بخرێتە چوارچێوەی بوارێکی تازەو نوێوە، کە ئەوەش زمانەوانی پەروەردەییە. (Alduais, 2012: 207)

زمانەوانی پەروەردەیی بایەخی تەواو بەبابەتی زمان و فێرکردنی دەدات، هەروەها پەیوەندییەکی پتەوی بەسەرهەڵدانی زمانەوانی کۆمەڵایەتی لەشەستەکانی سەدەی بیستەمدا هەیە، کە تەنها بوارەکانی زمانەوانیی و پەروەردەیی و گەشەپێدان و فێرکردنی زمان و فێربونی ناگرێتەوە، بەڵکو شوناسی کۆمەڵایەتی و واتاو پەیوەندی و سیاق و ڕۆڵی زمان لەفێرکردن و فێربونی زماندا دەگرێتەوە. (Hornberger, 2001: 3) زانایان زانستی زمانی پەروەردەیی بەزانستی فێرکردنی زمانیش ناودەبەن. ئەم زانستە گرنگی بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەڕێگاکانی پەروەردەکرندا دەدات، بۆنمونە: گرنگی بەخواستی مامۆستاو فێرخواز دەدات لەچۆنیەتی بەئەنجامگەیاندنی ئەرکەکانیان لەڕوی درکاندن و گوێگرتن و خوێندنەوەوە. (الراجحي، 1995: 27 – 29).

## (1/1 – 2) زانستی زمانی پەروەردەیی و بوارەکانی:

زانستی زمانی پەروەردەیی بەیەکێك لەنوێترین لقە زانستییەکان لەبواری زماندا هەژماردەکرێت، کە یەکێکە لەلقە هەرە گرنگ و سەرەکییەکانی زانستی زمانی کارەکیی، کە بەشێوەیەکی نوێ و زانستییانە تیشکدەخاتەسەر زمان و پەروەردەو هەمو ئەو کێشەو گرفتانەی پەیوەندی بەم بوارەوە هەیە. ئەم لقە زانستە چەشنە تێکەڵە و تێکچڕژانی لەگەڵ زۆربەی لقەزانستەکانی تردا هەیە، وەك: زمانزانی، دەرونزانی، دەمارزانی، کۆمەڵزانی...تاد)، کەواتە ئەم زانستە ڕەگ و ڕیشەی قوڵی هەیەو لەگەڵ گەشەسەندنی بوارەکانی تری ژیانی مرۆڤ گەشەیسەندوە.


دامەزرێنەری زانستی زمانی پەروەردەیی (سپۆلسکی) بەمشێوەیە دەیناسێنێت و دەڵێ: (زانستی زمانی پەروەردەیی بەلقێك لەلقەکانی زانستی زمانی کارەکیی دادەنرێت، کە کێڵگەیەکی تۆکمەو بەهێزی لۆژیکی پێکدەهێنێت.) (Spolsky & Hult, 2008: 15) زانستی زمانی پەروەردەیی لقێکە لەزمانەوانی کارەکیی لەپەیوەندی نێوان زمان و پەروەردەو زمان و فێرکردن دەکۆڵێتەوە. (سەعید، 2011: 27)، کەواتە زانستی زمانی پەروەردەیی خۆی لەکۆکردنەوەو لەئامێزگرتنی دوانەی فێرکردن و زمانەوانییدا دەبینێتەوە. (Alduais, 2012: 206)

هەرلەبارەی ناساندن و ڕونکردنەوەی ئەم لقە زانستە (سپۆلسکی) پێیوایە: "بوارێکی لێکۆڵینەوەیە، کە ئامرازەکانی توێژینەوە لەزانستی زمان و پسپۆڕییەکانی تری پەیوەندیدار بەزانستە کۆمەڵایەتیەکان بەیەکدەگەیەنێت و تێکەڵ بەیەکیاندەکات" (Spolsky & Hult, 2008: 10)، هەروەها ئاماژەی بەوە کردوە، کە زاراوەی زانستی زمانی پەروەردەیی دو لایەنەیە: ئەو بەشەی زمانەوانی دەگرێتەوە، کە پەیوەستە بەبابەتە پەروەردەییەکان، هەروەها ئەو بەشانەی پەروەردە دەگرێتەوە، کە تایبەتن بەزمان. (حەسەن، 2022: 8).


زانایەکی دیکە بەناوی ڕیچاردز(Richards) لەبارەی زمانەوانی پەروەردەییەوە دەدوێ ودەڵێ:

"زاراوەیەکە هەندێکجار بۆ ئاماژەکردن بەلقێك لەلقەکانی کۆزانیاری کارەکیی بەکاردەهێنرێت، کە باس لەپەیوەندییەکانی نێوان زمان و پەروەردە دەکات." (Richards, 2002: 174) بەڵام دیڤد کریستاڵ ( David Crystal) لەبارەی ئەم لقە زانستەوە دەڵێ: "زاراوەیەکە هەندێکجار بۆ پراکتیزەکردنی تیۆرە زمانەوانییەکان و شێوازو دەرەنجامە وەسفیەکانی تایبەت بەلێکۆڵینەوەی فێربون و فێرکردنی زمانی دایك بەکاردەهێنرێت لەڕوی ئاخاوتن و نوسینەوە لەقوتابخانەو ناوەندە فێرکارییەکاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان، کە بایەخ بەهەریەك لەبابەتەکانی خوێندنەوەو نوسین و دیالێکت و جیاوازی زمان و ڕاستگۆیی لەچوارچێوەی پرۆگرامی خوێندندا دەدات". (Crystal, 2008: 163)

زانستی زمانی پەروەردەیی لەپسپۆڕییە نوێکانی زمان و لقەکانی زمانەوانی کارەکیی جێبەجێکەرانەیە، ئامانجی سەرەکی بریتییە لەچۆنیەتی فێربونی لایەنی یەکەم، کە فێرخوازەو چۆنیەتی بەشدارییێکردنی لایەنی دوەم، کە پەروەردەکاران و هۆکارەکانی تری فێرکردنە، واتە توێژەر لەزمانەوانیی پەروەردەیدا کۆزانینی زانستەکە، یاخود تیۆرەکە وەرناگرێت و بەسەر بابەتەکەو بارودۆخەکەیدا جێبەجێی بکات، بەڵکو توێژەر هەمیشە لەزمانەوانیی پەروەردەیدا بەو کێشەیە دەستپێدەکات، کە پەیوەستە بەزمان و پەروەردە. (عەلی و ئەوانی دیکە، 2011: 287 – 288) زانستی زمانی پەروەردەیی، بابەتێکی فرە ڕەهەندو هەمەچەشنەیەو ڕەگی لەپرسەکانی زانستی زمانی کارەکیدا داکوتاوەو تێکەڵەیەکە لەزانستەکانی تری وەك (زمانزانی، دەرونزانی، کۆمەڵزانی، دەمارزانی، نوژداریزانی....تاد)، ئەم پەسنکردنە وایکردوە، کە بەزانستی فرە پسپۆڕی، فرەزانستی بناسرێت و بەکێڵگەی گەیەنەریی پەسنبکرێت. سروشتی کۆزانستی و فرەلایەنی و هەمەڕەهەندی ئەم بابەتە ڕێگەدەدات، بەوەی جەختبکرێتە سەر خاڵی بەیەکگەیشتن و پێکهەڵبونی زانستی زمان و زانستە پەیوەندییدارەکانی تر، لەگەڵ پرۆسە پەروەردەییەکاندا لەلایەك و چڕکردنەوەی سەرنج و تێڕامانەکان لەسەر بابەتەکانی زمان و پەروەردە، لەلایەکی تریشەوە، کە بەبواری زانستی زمانی پەروەردەیی دەستنیشانکراون. (ئەمین، 2022: 11) لەزانستی زمانی پەروەردەیدا (زمان) وەك کەرەستەیەك و (زانستی زمان)یش وەك زانستێك ڕۆڵێکی سەرەکییان لەپرۆسەی فێربون و فێرکردندا هەیە. (عەلی و ئەوانی دیکە، 2011: 286) کەواتە لەم زانستەدا تیشکدەخرێتەسەر (زمان) لەپرۆسەی فێربون و فێرکرندا، چونکە ئەم زانستە جەختدەکاتەوە لەسەر پەیوەندی نێوان زمان و پەروەردە، لەبەرئەوەی (کرۆکی زانستی زمانی پەروەردەیی، پەیوەستبون و تەواوکاریی و پەسنکردنی یەکە پێکهێنەرەکانێتی، کە ئەوانیش زمان و پەروەردەن.) (ئەمین، 2022: 16) کەرەستەی سەرەکی و پێویست لەزانستی زمانی پەروەردەییدا، بریتییە لە (زمان) و (پەروەردە)، کە لەهەردو مۆدێلی (Spolsky) و (Alduais)دا بەتەواوەتی ڕەنگیداوەتەوە:




هێڵکاری (١) زانستی زمانی پەروەردەیی (مۆدێلی Spolsky )(Alduais, 2012: 209)




هێڵکاری (٢) زانستی زمانی پەروەردەیی (مۆدێلی Alduais ) (Alduais, 2012: 209 )

لەبنەڕەتدا ناتوانرێت نکۆڵی لەو ڕاستییە بکرێت، کە دەڵێن هەمو پرسە زمانیی و فێرکارییەکان بەیەکەوە زمانەوانی پەروەردەیی پێکدێنن. (Alduais, 2012: 208) بەڵام لەبەرئەوەی جیاوازییەکی ئەوتۆ لەئێستاو ڕابردودا لەنێوان پرۆسەکانی فێرکردن و فێربونی زمان و فێرکرندا نییە، هەربۆیە بارودۆخی ئێستای فێرکردن دەخوازێت زمانەوانی پەروەردەیی وەك لقێك لەلقەکانی زمانەوانی کارەکیی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و ببێتە بەشێك لەپرۆسەی خوێندن و فێربون و فێرکرندا، ئەمەش لەپێناو بەرهەمهێنانی باشترین و کاراترین ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا، کە لەڕێگەیەوە بۆشایی نێوان لایەنی تیۆری و پراکتیکی پڕدەکاتەوە. (Alduais, 2012: 213) لەزانستی زمانی پەروەردەییدا پێویست بەزانستی زمانی کارەکیی دەبێت لەپێناو تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی بابەتە زمانەوانییەکان، کە زمانەوانەکان دەیخەنەڕو، چونکە لەهەندێ کاتدا زمانەوانەکان پەنادەبەنەبەر بەرهەمهێنانی کتێبی فێرکاری بۆ ئەوەی ڕونبێتەوە تا چ ئاستێك ئەم کتێبانە

(فێرکاری)ەکان لەگەڵ ئاستی فێرخوازانداو پێداویستیەکانیاندا دەگونجێت، ئەمەش لەپێناو دەرفەتدان بۆ هەموارکردنەوەی ئەو کتێبە فێرکاریانەدا، وەك پێشنیازکردنی هەندێ بابەت، یاخود گۆڕینیان، یان زیادکردنی زانیاری بۆ خستنەبەردەستی فێرخوازان، ئەمەش تایبەت نەبێت بەفێرخوازانی زمانی دوەم، بەڵکو فێرخوازانی زمانی دایکیش دەگرێتەوە. (Kumaravadivelu, 2006: 2)

بەو پێیەش بێت پێویستە زمانەوانی پەروەردەیی هەمو جۆرە بابەتەکان بۆ سەرجەم ئاستەکان و پێویستییەکانیان بۆ مامۆستا فەراهەمبکات، لەلایەکەوە پێویستیان بەئامادەکردنی بابەت بۆ لێهاتویی زمان دەبێت، کە لەناوەندەکانی فێرکردن دەخوێندرێت، هەروەها پێویستیان بەئامادەکردنی ژمارەو ئەو تیۆرو شێواز پرۆگرامانە بۆ مامۆستایانی زمانە جیاوازەکان دەبێت، تا هەرچی پەیوەست بێت بەو زمانەوە بخرێتە بەردەستی مامۆستایان. ئەگەر بابەتەکەش پەیوەندی بەلێهاتویی قسەکردن و گوێگرتنەوە هەبو، ئەوا مامۆستایان پێویستیان بەزانیاری لەبارەی شێوەو ڕێکارەکانی وانەوتنەوە دەبێت، وەك لەکوێوە دەستپێبکەین، چی بڵێین، جۆری ئەو بابەتانەی، کە زۆر گرنگ و جێبایەخ و چالاك بەخشن بۆ ئاستی فێرخوازان چین. ئەو کات مامۆستا دەست بەوانەوتنەوە دەکات و لەهەمو شتێك گرنگتر چۆنیەتی مامەڵەکردنێتی لەگەڵ فێرخوازاندا، کە ئایا جیاوازی دەکات لەگەڵ وتنەوەی بابەتی زمانیی بۆ ئاخێوەرانی زمانی دایك، یاخود نا. سەبارەت بەفێرخوازانیش ئەوا پێویستیان بەو بابەتانەدەبێت، کە بنەماکانی فێربونی زمان دەخەنەڕو، پاشان گواستنەوەیان بۆ ئاست و قۆناغێکی تری پێشکەوتوتر. (Butler & Silliman 2002: 6) زانستی زمانی پەروەردەیی زیاتر جەختدەکاتەوە سەر ئەوەی، کە چۆن قوتابی فێردەکرێت، ئەمەش بەدیاریکردنی شێوازی فێرکردن، میتۆد، تەکنیك و هونەری پۆل، پرۆگرامی خوێندن بەگەڕدەخرێت، بەواتا زانستی زمانی پەروەردەیی گرنگی بەفێربون و فێرکردنی تاك دەدات، لەڕێگەی ئەو بنەماو میتۆدانەی کە بۆ پەروەردەکردنی تاك دیاریکراون و لەناو قوتابخانەدا پێشکەشدەکرێت، بەڵام لەبنەڕەتدا (زانستی زمانی پەروەردەیی تەنها پەروەردەکردنی تاك نییە لەقوتابخانەدا، بەڵکو لەزۆر بواری تردا تاك فێردەبێت وەك خێزان، کۆمەڵگا، شانۆ، سینەما، دابونەریت، ئەزمون، تەکنەلۆژیا،... دەگرێتەوە، کە لەدەرەوەی قوتابخانە وەریدەگرێت، کە بەرهەم و دەرئەنجامی ئاوێزانبونی بوارەکانی زانستی زمانی دەرونی پەروەردەییە). (ئەمین، 2022: 13).

لێکۆڵینەوە لەزانستی زمانی پەروەردەیی لەم سێ ڕەهەندەدا دیاریکراوە: (ئەمین، 2022: 13)

1. تەواوکاریی زانستی زمان و پەروەردە پێکەوە.
2. پەیوەندی و وابەستەیی توندو تۆڵی لێکۆڵینەوە، تیۆریی، پلاندانان و کارەکیکردنیان، کە بە (نێوانزانستی، چارەسەری کێشە) دیاریکراون.
3. جەختکردنەوە لەزمانی فێربون و فێرکردن.

زانستی زمانی پەروەردەیی جەختدەکاتەوە لەڕۆڵی زمان لەپرۆسەی فێربون و فێرکردندا، کە بواری زانستی زمانی پەروەردەیی پەیوەستکراوە بەبنەماو پرسی زانستی زمانی کارەکییەوە، ئەمەش جگە لەوەی زانستی زمانی پەروەردەیی لقێکی زانستی زمانی کارەکییە، هەمو ئەو پرسانەش لەخۆدەگرێت، کە بنەمان لەزانستی زمانی کارەکیداو بەرجەستەو بەکارهێنەری ئەو بەرهەمانەیە، کە لەزانستی زمانی کارەکی و زانستی زمانی گشتییەوە دەکەونەوە. (ئەمین، 2022: 75). کایەو بوارەکانی زانستی زمانی پەروەردەیی پەیوەندی بەسەرجەم بابەتە پەروەردەییەکان و فێرکردنی زمانەوە هەیە، گرنگی بەسەرجەم ئەو بوارانەدەدات، کە لەپەروەردەو زمانەوانی پەروەردەییەوە نزیکن و لەسەریان جێبەجێدەکرێت. (الراجحي، 1995: 27 – 29)

## (3 – 1/1) تایبەتمەندییەکانی زانستی زمانی پەروەردەیی:

تایبەتمەندییەکانی زانستی زمانی پەروەردەیی خۆی لەچەند خاڵێکدا دەبینێتەوە: (بن عمر، 1998: 15)، (عليك، 2014: 76).

1. وەرگرتن و توانای پەیوەندیکردن، کە پێویستی پێیەتی بۆ گەشەکردنێکی دروست لەقۆناغەکاندا، ئەمەش پشت بەمیتۆدی نزیکبونەوە دەبەستێت بەئامانجی بەردەوامیی لەفێرکردنی زماندا.
2. زانستێکی یارمەتیدەرە بۆ فێربونی خودیی، ئەمەش لەڕێگەی فراوانکردنی ئاستی زمانەوانیەوە بەئامانجی برەودان بەلێهاتویی گوێگرتن و پەیوەندیکردن.
3. بەدەستخستنی کۆزانیاری، هەربۆیە پشت دەبەستێت بەئەزمونی وەرگرتن بۆ بەئەنجامگەیاندنی لێکۆڵینەوەکان.
4. گرنگیدان بەپرۆسەی پەیوەندی زارەکی، وەك ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی ئەو پرسانەی پەیوەستن بەگوێگرتن و قسەکردنەوە، وەك چیرۆك و دەقە پەخشان ئامێزەکان.

## (2/1) زانستی زمانی پێداگۆجی: کورتەو دەستپێک

زانستی زمانی پێداگۆجی، یاخود ڕێگاکانی وانەوتنەوە (Pedagogical linguistics) لەسەر دەستی فەیلەسوفی چیکی کومینویس (Cominuis) لەکتێبەکەیدا بەناوی (فێرکاری گەورە) لەساڵی (1932) سەریهەڵداوە، پاشان زانای ئەڵمانی ماکای (Makey) گەشەیپێداوە، دواتر پرۆسەی فێرکاری زیاتر گەشەیکردو هەریەك لەوەرگرتنی زانیاری و لێهاتویی لەخۆگرت. پرۆسەی فێرکاریی وابەستەی هەڵسوکەوتی مامۆستاو فێرخوازە، لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت، بڵێین ئەم پرۆسەیە لەگەڵ ناوەڕۆك و مامۆستاو فێرخوازو ئامانج و ڕێگاکانی وانەوتنەوە ئاوێتەدەبێت. (رتيبە، 2009: 32)

زانستی زمانی پێداگۆجی لقێکە لەزمانەوانی، گرنگی بەچاککردن و بەرەوپێشبردنی توانای فێربون لای قوتابیان دەدات بەهۆی بەستنەوەی زمانەوانیی و ملکەچکردنی بەگەشەی فێرکردنی زمانەکەوە، هەروەها بەستنەوەی زمانەوانی بەکردەی فێرکردن لەقوتابخانەکان و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کەڕوبەڕوی فێرکردن دەبنەوە. لەم بوارەدا چەندین ڕێگا پێشنیازدەکات بۆ فێرکردن بەپێی گەشەکردنی قوتابخانە زمانەوانیەکانەوانەوە. (سەعید، 2011: 27) زانستی زمانی پێداگۆجی لقێکە لەلقەکانی زانستی زمانی کارەکیی، زۆرجار زمانەوان و بیرمەندەکان بە (زانستی زمانی پەروەردەیی و هەروەها زانستی فێرکردنی زمانەکان) ناویدەبەن، کە گرنگی بەئامرازە تەکنیکیەکانی فێرکردن دەدات، کە یارمەتی فێرخوازو مامۆستا دەدات بۆ سەرخستنی پرۆسەی فێرکردن لەڕوی درکاندن و خوێندنەوەو گوێگرتنەوە.

خاڵی هاوبەشی زۆر لەنێوان فێرکاریی زمان (تعليميە اللغات) و پێداگوجی هەیە لەڕوی وەرگرتنی زانیارییەکان و گەیاندنیان، بەڵام فێرکاری چارەسەری ناوەڕۆکی زانیارییەکان بەشێوەیەکی تایبەت دەکات، لەکاتێکدا پێداگۆجی گرنگی بەپەیوەندییەکانی نێوان فێرخوازو مامۆستادەدات. تێکەڵبونێکی زۆر لەنێوان فێرکاریی زمان و زمانەوانی پێداگوجیدا هەیە، کە زۆر ئەستەمە بتوانرێت لەیەکتری جیابکرێنەوە. (دوهلابي، 1997: 181). هەندێ کەس پێیانوایە فێرکاریی زمان درێژەپێدەری پێداگوجیە لەڕەحمی ئەو دروستبوە. (بناني، 1991: 45). ئەوەی لێرەدا لەهەموی گرنگترە ئەوەیە، کە فێرکاریی زمان و پێداگوجی ئاڵوگۆڕی سودەکان دەکەن، هاوشێوەی زمانەوانی و دەرونزانی و کۆمەڵایەتی. (ابرير، د.ت: 301) ئەو پرسیارانەی کە پێداگوجی کاریان لەسەردەکات، بریتین لە: (ابرير، د.ت: 13)

1. پەیوەندی نێوان مامۆستاو فێرخواز.
2. بەکارهێنانی ڕێگاکانی وانەوتنەوەو تەکنیکی پەروەردەیی.
3. بەکارهێنانی ئامرازی جیاواز لەپرۆسەی فێرکردن.
4. شێوازەکانی ڕاستکردنەوەی پرۆسەی فێربون و فێرکردن.

بواری زانستی زمانی پێداگۆجی بریتییە لەفێرکارییەکان، کەپەیوەندی بەهەمو بابەتەکانی فێرکردنەوە هەیە بەبێ‌جیاوازی (فێرکردنی زمانەکان)یش دەگرێتەوە، واتە پرۆسەی فێرکردنی زمان و چاوپێداخشاندنەوەیان لەچوارچێوەی سەرجەم پسپۆڕییە نزیکەکانی بواری فێرکردن، فێرکاریی زمان لەچوارچێوەی بابەتەکانی سەرەوە بەهەمو هێزێکیەوە لەدور یان نزیك سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەو پرۆسەیە دەبێت، بەواتا گرنگی بەسەرجەم پسپۆڕییە نزیکەکانی بوارەکانی فێرکردن دەدات.(رتيبە، 2009: 12).

## (1 – 2/1) تایبەتمەندییەکانی زانستی زمانی پێداگۆجی:

زانستی زمانی پێداگۆجی زانستێکی نوێیەو چەندین کایەو بوار لەژێر چەتری خۆیدا کۆدەکاتەوە. پەیوەستن بەنزیکبونەوەی پەیوەندییەکان لەفێرکردنی زماندا، ئەم زانستە بەجۆرێك کاری لەمامۆستا کردوە، کە توانای پەیوەندیکردنی لەڕوی زمانەوە لەگەڵ وەرگرتن و پێدانی هێزی پەیوەندی هەبێت، کە لەقۆناغەکانی گەشەکردنی زماندا پێویستی پێیەتی، هەروەها خستنەڕوی بەربەستەکانی بەردەم مامۆستا و دیاریکردنی ڕێگاکانی چارەسەرکردنیان و

فراوانکردنی بابەتی زمان لەبەردەم فێرخوازو تا ئەو ساتەی لێهاتویی گوێگرتن و پەیوەندی بەستن گەشەپێدەدەن، هەروەها پەیوەستن بەشێوازە یارمەتیدەرەکانی فێرکردنی خودی، کە هاندەرییەتی بۆ زیادکردنی بناغەی زانستیی پشت بەست بەتواناو ئەزمونەکانی ڕابردوی فێرخواز، هەروەها گرنگیدان بەپرۆسەی پەیوەندیکردنی زارەکی پەیوەست بەدەستخستنی ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بەگوێگرتن و قسەکردنەوە هەیە، وەك: چیرۆك و دەقە پەخشان ئامێزەکان. (بن عمر، 1998: 15)، (عليك، 2014: 76).

## (3/1) زانستی زمانی پەروەردەیی و پرۆسەی فێربون و فێرکردن:

زمانەوانیی پەروەردەیی بەشێوەیەکی گشتی هەوڵدەدات زمانێکی ڕون و پاراو بۆ پرۆسەی پەروەردە (فێربون و فێرکردن) دابین بکات لەگەڵ بەرەوپێشبردن و دەوڵەمەندکردنی کۆزانیاریی زمانیی. بەناوبانگترین پێناسەی فێربون(Learning) پێناسەکەی (جۆن کمبل/ John Campbell)ە، کە دەڵێ: "فێربون بریتییە لەگۆڕانکاریکردن لەڕەفتار بەهۆی شارەزایی و ڕاهێنانی بەرنامە بۆ داڕێژراوەوە بەئەنجامدەگەیەنرێت." (Campbell, 2006: 9) کەواتە لەپرۆسەی فێربوندا تاك لەتوانایدا هەیە ڕەفتارێك ئەنجامبدات، کە پێشتر نەیکردوە، ئەویش لەڕێگەی ڕاهێنان و شارەزاییەوە دەبێت، بەواتا تاك بەردەوام لەهەوڵ و کۆششدادەبێت لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانج و مەرام و مەبەستەکانی، کە فێربون دەشێت بەرهەمی ئەزمون بێت. فێربون پرۆسەیەکی ژیریی ئاڵۆزەو پەیوەندی بەتوانای درککردنی تاکەوە هەیە، کە بریتییە لەپرۆسەی چەسپاندنی ئەو زانیارییانەی، کە فێرخواز وەریگرتوە لەچوارچێوەی پرۆسەی فێرکردندا (فێربون چالاکییەکی خودیەو فێرخواز بۆ ئەوەی فێری وەڵامدانەوەی پێویست ببێت و خۆی لەگەڵ ژینگەکەدا بسازێنێت بەئەنجامی دەگەیەنێت و ڕۆڵی سەرەکی لەپرۆسەکەدا هەیە.) (قەرەچەتانی، 2008: 16)

دەتوانرێت فێربون وەک گۆڕانکارییەک هەژماربکرێت، کە لەسروشتدا هەمیشەیی بێت، چونکە گۆڕانکاری لەلایەن مامۆستاوە لەڕێگەی تەکنیکەکانی وەک پەرەپێدانی کارامەیی تایبەت، گۆڕینی هەندێک هەڵوێست، یان تێگەیشتن لەیاسای زانستی تایبەت، کە لەپشت ژینگەیەکی فێربونەوە کاردەکات و دەهێنرێتە ناو فێرخوازان. (Sequeira, 2012: 5)

فێربون پرۆسەیەکی بەردەوامە، کە تێیدا مرۆڤ لێزانی و کارامەیی زیاددەکات. فێربون پەیوەستە بەکۆمەڵێك فاکتەرەوە، لەوانە: (پێگەیشتن و ڕاهێنان و شێوازو ڕێگاکانی فێرکردن و ئامرازەکانی ڕونکردنەوەو پاڵنەرو حەزو ئارەزوی تاك و شێوازە جیاجیاکانی فێربون.) (قەرەچەتانی، 2008: 9) بەڵام فێرکردن (Teaching) پرۆسەیەکی ڕێکخراوە، لەڕێگەی گواستنەوەو گەیاندنی زانست و زانیاری لەکەسانی خاوەن پسپۆڕو شارەزا بۆ کەسانێك، کە خولیای فێربون دەکەن، کە ڕێگاو ستراتیژی کارکردنی تایبەت بەخۆیی هەیە، تاوەکو فێرکردنێکی کاریگەرو سەرکەوتوبێت. فێرکردن ئاماژەیە بۆ (ڕێکخستن و نەخشەسازی و دەستەبەرکردنی ژینگەی فێربون، فێرکردن ئامرازو کەرەستەیە بۆ ئاسانکاریکردن و گەیشتن بەئامانج و مەبەست کە فێربونە، فێرکردن پەیوەست و تایبەتە بەمامۆستا.) (قەرەچەتانی، 2008: 29) لەپرۆسەی فێرکردندا هەردو لایەن بەشدارە (مامۆستاو فێرخواز)، کە ڕەنگە لەقۆناغێك لەقۆناغەکان کۆتایی بێت لەگەڵ کۆتایی هاتنی خول و پرۆگرامەکە. فێربون ڕەنگە بەرهەمی فێرکردن بێت، بەڵام مەرج نییە هەموکات فێرکردن، فێربونی لێبکەوێتەوە، بەڵام فێربون لەوانەیە بەبێ‌فێرکردن ڕوبدات.

هەردو پرۆسەی (فێربون) و (فێرکردن) دەچنە چوارچێوەی زانستی زمانی پەروەردەییەوە. سەرکەوتن لەپرۆسەی فێربون و فێرکردندا (بەمەرجێك لێرەدا فێربون بەرهەمی پرۆسەی فێرکردن بێت) پەیوەستە بەزمانەوە (شێوازی زمانیی و نازمانیی). لەم بوارەدا زمان ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەردەگێڕێت. بەکارهێنانی زمان لەلایەن مامۆستاوە بەشێوەیەکی دروست و بەرنامە بۆ داڕێژراو، پرۆسەی فێرکردنی سەرکەوتوی لێبەرهەمدێت.

## (4/١) پرۆسەی فێربون و فێرکردن لەڕوانگەی تیۆری ڕەفتارییەوە:

تێکەڵبون و تێکچڕژانی زانستی زمانی پەروەردەیی لەگەڵ زانستەکانی تری وەك: (زمانزانی، کۆمەڵزانی، دەرونزانی، دەمارزانی...هتد)، بوەتە هۆی ئەوەی بەزانستی فرە پسپۆڕیی بناسرێت، هەربۆیە هەمو ئەو تیۆرانەی لەڕێگەی زانستەکانی ترەوە بەرهەمهاتون بەشێوەیەکی پراکتیکی دەخرێنە خزمەت زانستی زمانی پەروەردەییەوە، بەواتا دەتوانرێت پەنابرێتەبەر هەریەکە لەتیۆرەکانی زمان، دەرونزانی، کۆمەڵایەتی...هتد، تاوەکو لێکدانەوەیەکی دروست و تەواو بۆ بابەتەکانی زمانەوانیی پەروەردەیی بکرێت.

پرۆسەی فێربون و فێرکردنیش پرۆسەیەکی گرنگ و هەستیارە، کە بەشێوەیەکی زانستیی و پشت بەست بەتیۆرو میتۆدی زانستیی، زمانی پرۆگرامی خوێندن داڕێژراوە. لەم توێژینەوەیەدا پەنا براوەتەبەر تیۆری ڕەفتاریی ( Behaviorist Theory) بەمەبەستی لێکدانەوەو بەکاربردنی ڕۆڵ و کاریگەری پاداشت و سزای زمانیی و نازمانیی لەپرۆسەی فێربون و فێرکردندا.

تیۆری ڕەفتاریی یەکێکە لەتیۆرە پێشەنگ و بنەڕەتییەکانی زانستی دەرونزانی، کە بنەمای سەرەکی ئەم تیۆرە بریتییە لە (وروژاندن و کاردانەوە)، کە لەلایەن (واتسن)ەوە ئەم دو زاراوەیە هاتەکایەوە. ڕەفتارو هەڵسوکەوتی دیارو ئاشکرای مرۆڤ پێوەرو بناغەی سەرەکی کارەکانیان بو، (زمان)یشیان هەر لەچوارچێوەی ڕەفتاردا لێکدەدایەوە. لەهەمانکاتدا تواناو لێهاتوییە زگماکیی و ناوەکییەکانی ناو مێشکیان ڕەتدەکردەوە.

تیۆری ڕەفتاریی پێیوایە کە دەتوانێت لەڕێگەی کۆنترۆڵکردن و دەستکاریکردنی ژینگەو وروژێنەرو ڕوداوەکانی جیهانی دەرەوە، جۆری ڕەفتارو هەڵسوکەوتی تاکەکان دیاریبکەین، بەواتا ئەم تیۆرە گرنگییەکی زۆر بەفێربون و دروستکردنی خوی جۆراوجۆر دەدات. (قەرەچەتانی، 2015: 24).

بێگومان کەسێتی و ژینگەو ئاستی تێگەیشتنی هەر فێرخوازێک لەفێرخوازێکی تر جیاوازە، بۆیە پێویستە مامۆستا لەهەنگاوی یەکەمدا هەڵسەنگاندن بۆ هەر فێرخوازێک ئەنجامبدات و پاشان لەهەنگاوی دوەمدا پەنابەرێتەبەر هەڵبژاردنی پاڵنەری گونجاو بەپێی فێرخوازەکە، تاوەکو ئەنجامێکی بەرهەمهێن و دەوڵەمەندی کۆزانیاری زمانیی بەدەستبهێنێت. لەڕوانگەی تیۆری ڕەفتارییەوە.

## بەشی دوەم: ڕۆڵی پاداشت و سزای زمانیی و نازمانیی لەپرۆسەی خوێندندا:

### (١/٢) مۆدێلی مەرجدارێتی جێبەجێکەرانە (Model of Operant Conditioning):

تیۆری ڕەفتاریی چەند مۆدێلێکی هەمەجۆر لەخۆدەگرێت، کە هەمویان لەژێر چەتری کۆمەڵێک بنەمادا کۆبونەتەوەو هاوڕان، بەڵام هەریەکەیان لەگۆشەنیگای جیاوازەوە لە پرۆسەی فێربون و فێرکردن دەڕوانن. لەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتەسەر مۆدێلی (مەرجدارێتی جێبەجێکەرانە)، کە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لەتیۆری پاڵپشتیکردنی پاڵنەر (Reinforcement Theory of Motivation) بەمەبەستی شیکردنەوەو لێکدانەوەی پاداشت و سزای زمانیی و نازمانیی لەپرۆسەی فێربون و فێرکردندا.

دەرونزانی ئەمریکی بەناوبانگ سکینەر (B.F.Skinner) تیۆری پاڵپشتیکردنی بەکارهێناوە (Reinforcement theory)، کە بەیەکێک لەکۆنترین تیۆرەکانی پاڵنەر(Motivation) دادەنرێت، کە ئاماژە بەرەفتای مرۆڤ و چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردنی دەکات. ئەم تیۆرە دەتوانرێت فێربونی مەرجدارێتی جێبەجێکەرانە (Operant Conditioning) ناوبرێت، کە لەجیهانی دەروناسی ئەمرۆدا دەخوێندرێت. ئەم تیۆرە کار لەسەر بەهێزکردنی ڕەفتاری ڕاست و دروست، یاخود لاوازکردن و نەهێشتنی ڕەفتاری ناپەسەند دەکات، ئەویش لەڕێگەی چەند بارودۆخێکی جیاوازەوە. سکینەر

لەچەند ڕویەکی جیاوازەوە تیشکی خستەسەر تیۆرەکە، لەپاش تێگەیشتنی تەواوەتیش لەتیۆرەکەی ناوبراو، دەزگا جیاوازەکانی وڵاتان، وەک نەخۆشخانەی حکومیی و ئەهلیی و فێرکارییەکان و تەنانەت دەرونییەکانیش توانیان زانیاری فراوان و نیمچە تەواوەتی لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ وەربگرن و پەیدایبکەن لەبارەی تێگەیشتن لەهۆکارەکانی هەڵسوکەوتی هەر تاکێک. (Banaji, 2011: 681)

زۆرجار چەمکی پاڵنەر (Motivation) بەکاردەهێنرێت بۆ نیشاندان و تیشکخستنەسەر ئاراستەی ڕەفتار. (Petri, 1981: 12) بەدەربڕینێکی تر، پاڵنەر ئەو هێزە تاکە کەسیەیە، کە گوزارشت لە ئاراستەو ئاست و بەردەوامیی هەوڵەکانی کەسێک دەکات، کە لەشوێنی کارەکەیدا سەرفیدەکات.

ئەم چەشنە مۆدێلە ڕەفتارییەی سکینەر دەچێتە چوارچێوەی تیۆرە ئەرکییەکانەوە، کە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ڕەفتار بریتییە لە (چالاکییەکی ئاراستەکراو لەلایەن تاکەوە لەچوارچێوەی مەرج و ڕێکاری ژینگەیی دیاریکراودا لەپێناو جێبەجێکردنی ئامانجێک یان ئەرکێکی دیاریکراو، بەواتا ئەو ڕەفتارەی لەلایەن کەسێکەوە دەنوێنرێت، وەکو کاردانەوەیەکی ئاراستەکراو دەستنیشاندەکرێت، تا هاوکارو یارمەتیدەری بێت لەسەر گونجاندن لەگەڵ بارودۆخی دەوروبەردا.) (الزغول، ٢٠١٢: ١٠٢)

(سکینەر) دوجۆری سەرەکی ڕەفتاری جیاکردەوە: (عطية، 2021: 37)

**یەکەم: ڕەفتاری کاردانەوەیی(Respondant Behavior):** ئەمجۆرە ڕەفتارە لەئەنجامی هەبونی سەرانجڕاکێشی دیاریکراو لەهەڵوێستێکی ڕەوشتیدا دروستدەبێت.

**دوەم: ڕەفتاری ڕێسایيانە (Operant Behavior)** ئەو ڕەفتارەی کە پەیوەندی لەنێوان وروژێنەری دەستنیشانکراو کاردانەوەدا هەیە، کە لەڕەفتاری کاردانەوەدا جیاوازە.

سکینەر بایەخ و گرنگییەکی زۆری بەڕەفتاری زمانیی دەدا، کتێبەکەشی بەناوی ڕەفتاری دەربڕین (Verbal behavior) ەوە بو لەساڵی (1957) دا، کە (ڕەفتاری زمانیی) بەمجۆرە دەناسێنێت و دەڵێ: "بریتییە لەڕەفتارێکی دەرکردەیی (emitted behavior)، کە لەلایەن گوێگرەوە پشتگیریدەکرێت و بەپێی هەمان بنەماکانی هەر ڕەفتارێکی دیکەی جێبەجێکەرانە گەشەدەکات." (شمس الدين، ٢٠٠٣: 71 - 73) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زیاتر گرنگی بەڕۆڵی وروژێنەرە ژینگەییەکان لەڕەفتاری تاکەکەسیدا دەدات، لەهەمانکاتدا لەبایەخی فاکتەرە خۆڕسکی و زگماکییەکان کەمدەکاتەوە لەپرۆسەی فێربون و فێرکردندا، چونکە تاک بونەوەرێکی ئەرێنی خود ڕەفتارە لەچوارچێوەی ژینگەکەیدا ڕەفتار دەنوێنێت لەپێناو بەرهەمهێنانی جۆرە ڕەفتارێکی دیاریکراو بەرانبەر بەو ژینگەیەی کارلێکی لەگەڵدا دەکات، ئەو ڕەفتارانەش پێیاندەوترێت ڕەفتاری جێبەجێکەرانە. (الزغول، ٢٠١٢: ١٠٣)

تێڕوانین و سەرنجی (سکینەر) بۆ (فێربون) جیاوازبو، پێیوابو (فێربون دەرەنجامی گۆڕانکارییە لەڕەفتاردا. کاتێک بازنەکانی (وروژێن _ وەڵام) بەهێزدەکرێن، ئەوا تاکەکەس مەرجداردەکرێت بۆ وەڵامدانەوە. ئەمەش جیاوازدەبێت لەپەیوەندیکردن، چونکە تاکەکان دەتوانن لەپەیوەندیکردندا دەستپێشخەری وەڵامبکەن، نەک تەنها وەڵامی وروژێنەرەکان بدەنەوە.) (ئەمین، ٢٠٢٢: 27).

تیۆری پاڵپشتیکردن تایبەت ئاماژە بەوە دەکات، کە چۆن مرۆڤەکان فێری ڕەفتارو چۆنیەتی مامەڵەکردن دەبن. ئەم تیۆرە لەسەر چەندین توێژینەوەی جۆراوجۆر جێبەجێکراوە، وەک: ڕاهێنانی ئاژەڵان، پەروەردەکردنی منداڵان، هەروەها هاندانی مامۆستاو فێرخوازو فەرمانبەران. بەکورتی ئەم تیۆرە ئەوە دەخاتەڕو، کە هاندان و پاڵپشتیکردن دەبێتەهۆی پێکهێنانی ڕەفتارەکان.

یەکێک لەو بوارانەی کە تیۆری پاڵپشتیکردنی لەسەر جێبەجێکراوە، پرۆسەی وانەوتنەوەیە، کە شێوەیەکە لەشێوەکانی فێرکردن، کە بریتییە لەوروژاندن و کاردانەوە لەنێوان هەردولایەنی مامۆستاو فێرخوازدا. ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو مامۆستا (نێرەر) ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی دەگێڕێت، کە پێویستی بەکارامەیی و لێهاتویی لەدانانی پلانێکی وردو ئامانجداردا هەیە، لەپێناو سەرکەوتنی پرۆسەکە، بۆیە پێویستە ڕەچاوی فاکتەری زمانیی بکات، کە هەڵبژاردنی وشەو ڕستەو دەستەواژەو تێکرای خێرای دەنگ و بەرزو نزمی دەنگ و ئاوازەو بەکارهێنانی وەستانەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ فاکتەری نازمانی، کە زمانی جەستە دەگرێتەوە، هەروەها فەرامۆشنەکردنی هەندێ لایەنی گرنگی تر، کە ئەوانیش بریتین لە: لایەنی دەرونیی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ژینگەی ناوپۆل...تاد. بێگومان بەکارهێنانی وروژێنەری هەمەچەشن و جیاواز لەلایەن مامۆستایانەوە، دواجار کاردانەوەی ئەرێنی و گونجاوی لەلایەن فێرخوازانەوە لێدەکەوێتەوە، کە دەتوانرێت لەیەککاتدا زیاتر لەهەستەوەرێکی فێرخواز بجوڵێندرێت و بەگەڕبخرێت.

تیۆری پاڵپشتیکردن (پاداشت) بەتیۆرێکی بەبەهاو بەنرخ دادەنرێت لەپرۆسەی فێربون و فێرکردندا، لەبەرئەوەی لەڕێگەی هاندان و پاڵپشتیکردنەوە دەتوانرێت هانی فێرخوازەکان بدرێت، تاوەکو ئاستی زانستییان بەرەو پێشەوەبروات و لەهەمانکاتدا کاریگەری لەسەر کۆمەڵێک بنەماو پرنسیپی فێرخوازەکان هەبێت و لەڕەوشت و هەڵسوکەوتیاندا ڕەنگبداتەوە. یەکێکی تر لەخاڵە ئەرێنییەکانی تیۆری پاڵپشتیکردن ئەوەیە، کە لەڕێگەی بەشدارییپێکردنی فێرخوازەکانەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی هەندێ تاقیکردنەوە، ئەمەیش وادەکات، کە هەمیشە ئامادەبن بۆ تاقیکردنەوەو بەشێوەیەکی دروست کۆشش بکەن.

تیۆری پاڵپشتیکردن دەبێتە مایەی پتەوکردن و بەرەوپێشبردنی پرۆسەی خوێندن، بەڵام بەدەرنییە لەخاڵی لاواز، یاخود نەرێنی، بۆنمونە یەکێک لەو خاڵانە ئەوەیە، کە سەخت و دژوارە بتوانرێت جۆری پاداشت یان سزاکە دەستنیشانبکرێت، لەبەرئەوەی هەمو مرۆڤەکان وەک یەکنین و هەریەکەیان توانای جیاوازییان هەیە. ئەگەر هاندانێک لەسەر هەندێک کەس زۆر کاریگەربێت، لەوانەیە لەسەر هەندێکی تر کاریگەر نەبێت و بگرە کاریگەری پێچەوانە نیشانبدات و خراپ مامەڵە بکات، هەروەها هەمو ڕەفتارەکان هاوشێوەنین لەهەمان ڕوداو یان ڕوداوە جیاوازەکاندا، بۆیە مەرج نییە بەکارهێنانی هەمان هاندان لەهەمان شوێندا بۆ مرۆڤە جیاوازەکان کاریگەربێت. یەکێکی تر لەخاڵە لاوازەکانی ئەم تیۆرە ئەوەیە، کە شتێکی نەشیاو و قبوڵنەکراوە هەوڵبدرێت لەڕێگەی پاداشت و خەڵاتەوە کۆنترۆڵی کەسێک، یاخود کۆمەڵە کەسێک بکرێت. (عطية، 2021: 47) یەکێکی تر لەخاڵە لاوازەکانی ئەم تیۆرە ئەوەیە، کە (گرنگی و بایەخ بەهەستی ناوەکیی و لایەنی دەرونیی نادات و فەرامۆشیدەکات.) (الجيزاني، 2018: 66)

## (٢/٢) پرۆگرامی تیۆری پاڵپشتیکردن (پاداشت):

پرۆگرامی تیۆری پاڵپشتیکردن خۆی لەچوار جۆردا دەبینێتەوە:

## (1–٢/2) پاداشتی ئەرێنی (Positive Reinforcement):

پاداشت و پاڵپشتیکردنی ئەرێنی لەدوای ڕەفتارێکی پەسەندکراودێت. بەجۆرێک کار لەسەر بەهێزکردنی ئەگەری دوبارەبونەوەی ئەو ڕەفتارە لەداهاتودا دەکات، بۆنمونە: پێشکەشکردنی پاداشت و ستایشکردن و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی تایبەت بەفێرخواز، کاتێک بەشێوەیەکی باش و بەڕەوشت لەناو هۆڵی خوێندندا ڕەفتاردەکات، یاخود وەڵامی ڕاست و دروستی پرسیارەکانی مامۆستا دەداتەوە. (الزغول، ٢٠١٢: 106) مرۆڤ ڕەفتارە خوازراوەکان دوبارە دەکاتەوە بۆ ئەوەی پاداشتێک بەدەستبهێنێت، بەڵام سکینەر وا بەباشتر دەزانێت کە (کەسی بەرانبەر کاردانەوەی بەبێ خستنەڕوی پاداشت هەبێت.) (شمس الدين، ٢٠٠٣: 69 – 72)

هەر لەکۆنەوە پاداشت لەلایەن دایکوباوکانەوە بەکارهێنراوە بۆ دورکەوتنەوە لەڕەفتاری ناپەسەندو نەشیاو، هەروەها بەمەبەستی هاندان و بەهێزکردنی حەزو خولیای منداڵەکانیان. بەکارهێنانی پاداشت بەپێی سیستم و دەرئەنجامی توێژینەوە زانستیەکان زۆر کۆن نیەو ڕەگ و ڕیشەکەی بەپلەی یەکەم بۆ توێژینەوەکانی دەرونزانی ئەمریکی (سکینەر) دەگەڕێتەوە. (قەرەچەتانی، ٢٠١٧: 61)

بەشێوەیەکی گشتی تیۆری پاڵپشتیکردن ڕۆڵی هەیە لەهێنانەکایەی ڕەفتاری باش لەڕێگەی هاندانەوە، بۆنمونە کاتێک فێرخواز بەشێوەیەکی باش کۆششدەکات و نمرەیەکی بەرز بەدەستدەهێنێت، دەرەنجام مامۆستاکە خەڵاتی دەکات بەمەبەستی هاندانی فێرخوازەکە، بەمشێوەیە دەتوانرێت هانی فێرخوازەکانی تریش بدرێت، تاوەکو ئەوانیش هەوڵبدەن، بۆنمونە مامۆستا ستایشی ئەو فێرخوازانەدەکات، کە لەکاتی دیاریکراودا لەناو هۆڵی خوێندنەکەدا ئامادەبون. ئەمە کاریگەری ئەرێنی لەسەر هەمو فێرخوازەکانی دیکەش دەبێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە دوادەکەون. هاندان و دەستخۆشییەکەی مامۆستا دەبێتەهۆی گۆڕینی ڕەفتاری فێرخوازانی دواکەوتو پابەندبونیان بەکاتی دیاریکراو لەهاتنەناو هۆڵی خوێندنەکەوە.

پاداشت بریتییە لەڕوداوێک، کە دەستبەجێ دوای کاردانەوەکەدێت و دەبێتەهۆی زیادبونی ئەگەری ڕودانی کاردانەوە. پاداشت لای سکینەر پەیوەستە بەکاردانەوەی بەرانبەرو جێبەجێکردنی داواکارییەکان، بەپێچەوانەوە هیچ پاداشتێک وەرناگرێت، بەواتا پەیوەستە بەدو بنەمای سەرەکییەوە، ئەوانیش: وروژاندن و کاردانەوە، ئەگەر کاردانەوە نەبو پاداشتیش نابێت. کاردانەوە لای سکینەر بەویست و ئارەزوی بەرانبەرە، کە جێبەجێیدەکات. (شمس الدین، ٢٠٠٣: 73 – 74) کەواتە مەرجی پاداشت ئەوەیە، کە وەڵامدانەوە بۆ وروژێنەرەکە هەبێت. ئەمەیش دەبێتە هۆی بەردەوامبونی فێرخواز لەسەر هەوڵەکانی بۆ وەڵامدانەوە لەبەرانبەر پاداشتکردنی لەلایەن مامۆستاوە، پاداشتی زمانیی یان نازمانیی، یاخود هەردوکی پێکەوە. بەردەوامبونی خەڵات و ستایشکردنەکانیش دەبێتەهۆی بەرەو پێشچونی لایەنی بەرانبەر لەهەوڵدان و کاردانەوەو بەشداریکردن لەچالاکییەکاندا.

پاڵپشتیکردن وپاداشت لەڕێگەی ڕەفتاری زمانیی و نازمانییشەوە ئەنجامدەدرێت، لەڕەفتاری زمانییدا مامۆستا کۆمەڵێک وشەو دەستەواژە بەکاردەهێنێت، کە دەبێتە هاندانێکی ئەرێنی بۆ فێرخوازەکە، وەکو: (دەستخۆش، ئافەرین، ژیرو کارامە، گوڵەکەی خۆم، شێرەکەی خۆم، هەربژیت.....تاد).

زمانی جەستەش وەک ڕەفتاری نازمانیی، ڕەفتارێکی ئاشکراو دەرەکییە، کە ئاخێوەر بەتەنها، یاخود لەپاڵ ئاخاوتندا بەکاریدەهێنێت. لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا مامۆستا بەمەبەستێکی دیاریکراو بەرانبەر فێرخوازەکانی بەکاریدەهێنێت، تاوەکو ئەنجامێکی ئەرێنی بەدەستەوەبدات. بێگومان ئەگەر (تێکردە)ی کۆزانیاریی لەلایەن مامۆستاوە زۆرو ئەرێنی بێت، ئەوکاتە وەڵامدانەوەی (دەرکردە)ش لەلایەن فێرخوازەوە ئەرێنی دەبێت، بەواتا پەیوەندییەکە ڕاستەوانەیە لەنێوان مامۆستاو فێرخوازدا.

مامۆستا دەتوانێت هەندێک هاندەرو پاڵنەری نازمانیی پێشکەش بەفێرخوازەکانی بکات، کە ببێتەهۆی سەرنجڕاکێشانیان و لەهەمانکاتدا ئاگایان لەمامۆستاکەیان بێت و لەکاتی وانەوتنەوەدا بیریان بەلای شوێنی تردا نەڕوات، وەک:

- ✓ زەردەخەنە
- ✓ دانیشتن لەتەنیشت فێرخواز.
- ✓ وەستان لەتەنیشت فێرخواز.
- ✓ دەست خستنەسەر شان.

- ✓ داوا لەسەرجەم فێرخوازەکان بکرێت، کە چەپڵە بۆ ئەو فێرخوازە لێبدەن لەبەرانبەر بەدەستهێنانی وەڵامی ڕاست.
- ✓ بەکارهێنانی ئاماژەکانی (دەست، سەرو چاو) وەک خاڵێکی پاڵپشتیکردن و بەهێزکردن.
- ✓ ئەنجامدانی چەند چالاکیەکی هاوبەش لەگەڵ فێرخوازەکاندا.
- ✓ چەند هەلێکی جۆراوجۆر بەفێرخوازەکە بدرێت.

یەکێک لەپاڵپشتیکردنە نازمانییەکان بریتییە لەپاداشتی هێمایی، وەک پێشکەشکردنی (کارت، ئەستێرە، خاڵ) بەفێرخوازان لەبەرانبەر ڕەفتاری باش و ئەرێنیان، بۆنمونە دەکرێت کارت یان هەر پاداشتێکی تر پێشکەش بەفێرخوازێکی ژیرو کارامەبکرێت لەبەرانبەر بەدەستهێنانی زۆرترین نمرە، یان وەڵامێکی هزریی قورس، یان پرسیارێکی لەناکاو، تاوەکو ببێتە هاندەرێک بۆ فێرخوازەکانی تریش کە هەوڵو کۆششی زیاتربدەن، جۆری هاندانەکانیش بەپێی کەس و تەمەن دەگۆڕێن.

پاڵپشتیکردن، یاخود پاداشت چەند مەرجێک لەخۆدەگرێت، ئەوانیش بریتیین لە: (قەرەچەتانی، ٢٠١٧: 67).

- ✓ ڕێککەوتنی پێش وەخت.
- ✓ درێژنەکردنەوەی ماوەکەی.
- ✓ دەبێت کەسی بەرانبەر ڕاستگۆبێت و پەیوەست بێت بەو بەڵێن و پەیمانەی، کە بەبەرانبەریداوەو لەسەری ڕێککەوتون.
- ✓ ئەگەر پاداشتەکە خەڵات بو، نابێت خەڵاتەکە هێندە زۆربێت، لەبەرانبەر ئەو ڕەفتارە نەبێت کە منداڵ دەیکات.
- ✓ پێویستە دیاری و پاداشتەکان جۆراوجۆربن.

بەمەبەستی بەدەستهێنانی (پاداشتی ئەرێنی) سەرکەوتو، پێویستە هاندانەکە بەپێی بەرنامەیەکی پلان بۆ دارێژراوبێت و لەهەمانکاتدا دوبارەبونەوەی هەبێت، هەروەها لەبەرچاوگرتنی (کاتی گەیاندنی پاداشتەکە، کە یەکێکە لەخاڵە سەرەکییەکان، پێویستە بەخێرایی و بێدواکەوتن بگەیەنرێتە فێرخوازەکان) (قەرەچەتانی، ٢٠١٧: 67)، تاوەکو کاریگەرییەکەی لەدەستنەدات، هەروەها تاوەکو دەستخۆشییەکە لەبەرچاوبگیرێت و بەهای هەبێت، پێویستە کەسی بەرانبەر ڕاستەوخۆ ئاگاداربێت نەک لەوکاتەدا بێئاگابێت. لەهەمو بارەکاندا پێویستە پاڵپشتیکردنی زارەکیی لەیادنەکرێت لەپاڵ پاداشتەکەدا. بەخشینی پاداشت نابێت لەسەر بنەمای هەست و سۆزبێت، بەڵکو پێویستە لەسەر بنەمای لێهاتویی بێت و فێرخوازەکانی تریش دەرفەتیان پێبدرێت، تاوەکو زیاتر کۆشش بکەن و خەڵات بەدەست بهێنن. پێویستە هەر پاداشتێکیش لەگەڵ تەمەنی کەسەکەدا بگونجێت.

پێویستە ئەو مامۆستایانەی دەیانەوێت پاداشت پێشکەشی فێرخوازەکان بکەن، یان دەستخۆشیان لێبکەن، لەیەککاتدا سەرجەم فێرخوازەکان پێکەوە پاداشتنەکەن، بەڵکو تەنها سەرکەوتوەکان پاداشتبکەن. پێویستە مامۆستا، فێرخوازەکان ئاگاداربکاتەوە، ئەوانەی، کە بەشێوەیەکی باش هەڵسوکەوت ناکەن، یاخود ڕێگای ڕاستیان نەگرتوەتەبەر لەکاتی کۆششکردن و تێگەیشتندا، کە هەوڵی زیاتر بدەن، تاوەکو ئەوانیش بتوانن پاداشت بەدەست بهێنن، ئەمەش لەرێگەی هاندانەوە، بەرەخساندنی ژینگەیەکی باش، کە بەرانبەرەکە گوێڕایەڵبێت. بۆ ئەوەی (پاداشتەکە بەرهەمداربێت، پێویستە فێرخوازەکە پێویستی بەپاداشتەکە هەبێت.) (شمس الدین، 2003: 75) بەواتا ئەگەر فێرخوازێک نمرەی تەواوی بەدەستهێنابێت و مامۆستا لەبەرانبەر زانینی وەڵامەکە نمرەی پێبدات، ئەوکات نمرەی زیادە هیچ نرخێکی بۆ فێرخوازەکە نابێت، بەڵکو لەوکاتەدا پێویستە مامۆستا گۆڕانکاریی لەجۆری هاندانەکەدا بکات و

پەنابەرێتەبەر هاندانی دەرونیی، بۆنمونە: چەپڵەلێدان، پێدانی مەدالیای بلیمەتیی...تاد. (پێویستە وەڵامدانەوەکە لەچوارچێوەی بواری فێرخوازەکەدابێت.) (شمس الدین، ٢٠٠٣: 75)، بەواتا مامۆستا پرسیار و داواکارییەکانی لەسنوری قۆناغ و تەمەنی فێرخوازەکاندابێت و بەپێی ئەوە پاداشتییان بکات. پاداشت دەبێت هەمەجۆرو هەمەچەشن بێت، نەک تەنها یەک جۆر پاداشت لەلایەن مامۆستاوە بەکاربهێنرێت.

## (٢-٢/٢) پاداشتی نەرێنی (Negative Reinforcement):

پاداشت و پاڵپشتی نەرێنی بریتییە لەپرۆسەی لابردن یان کشانەوەی شتێکی ناخۆش لەدەرەنجامی ئەنجامدانی ڕەفتارێکی پەسەندکراو لەلایەن تاکەوە بەئامانجی پاراستنی ئەو ڕەفتارەو پاشان بەهێزکردنی. لەمجۆرەدا شتێکی پەسەندنەکراو لەلایەن تاکەوە لادەبرێت، وەک جۆرێک لەپاداشت بۆ ڕەفتارێکی پەسەندکراوی هەمان تاک، بۆنمونە: لێخۆشبون لەپارەی خوێندنی زانکۆیی فێرخوازێک لەبەرانبەر بەدەستهێنانی پلەی یەکەمیی یان کەمکردنەوەی سزای زیندانیکردنی تاوانبار لەبەرانبەر هەڵسوکەوتی باشی لەناو زینداندا. (الزغول، ٢٠١٢: 106) مەبەست لەپاداشتی نەرێنی زیادکردنی ئەگەری دوبارەکردنەوەی ڕەفتاری باشە، ئەویش بەلابردن و نەهێشتنی وروژێنەری ناخۆش. (Gross, 1996: 104)

ئەمانەی باسمانکردن تایبەتبون بەلایەنی پاداشت و هاندانەوە، پێچەوانەکەشی ڕاستە کاتێک فێرخوازێک درەنگ دێتە ناو پۆل و مامۆستا لەکاتی هاتنەژورەوەدا ڕێگری لێدەکات، ئەم هەڵسوکەوتەی مامۆستا دەبێتە سزایەک بۆ فێرخوازەکە، لەهەمانکاتیشدا دەبێتە ئاگادارکردنەوەیەک بۆ فێرخوازە ئامادەبوەکانی ناو پۆل، کە ڕەفتاری هاوشێوەی هاوپۆلەکەیان دوبارە نەکەنەوە، بۆیە لەو ڕێگەیەوە دەکرێت هەڵسوکەوتە نەرێنییەکە لەداهاتودا بۆ هەڵسوکەوتی ئەرێنی بگۆڕێت.

لێرەدا هەندێ نمونە دەربارەی پاداشتی نەرێنی زمانیی و نازمانیی دەخەینەڕو:

بێدەنگبون لەپێناوی نەکردنەدەرەوە، یاخود سزانەدانی فێرخواز لەڕوانگەی زارەکیی و نازارەکییەوە. دروستکردنی پۆلێکی بێدەنگ و ئارام بۆ هەمو فێرخوازەکان، وەک پاداشتی نەرێنی کاریگەری ئەرێنی لەسەر ڕەفتاری کەسانی تر دەبێت.

هەوڵدان و کۆششکردن لەپێناوی ئەوەی مامۆستا، یاخود خێزانەکەی دڵگران نەبێت، بەواتای بەردەوامبون، تاوەکو لەبەرامبەردا پاداشت بەدەستبهێنێت.

مامۆستا دەتوانێت پاڵپشتیکردنی نەرێنی بەکاربهێنێت، وەک پاڵنەرێک بۆ فێرخوازەکان بەمەبەستی دورکەوتنەوە لەئامێرە ئەلکترۆنییەکان و لەبەرانبەر ئەوەدا پاداشتبکرێن لەڕێگەی پێدانی کتێب و چیرۆکی بەسودی منداڵانەوە، یاخود لەڕێگەی بەکارهێنانی جۆرێک لەجۆرەکانی پاداشتەوە.

## (٢/٢ – ٣) پاڵپشتیکردنی سزا (Punishment Reinforcement):

سزا بریتییە لە (پێدانی وروژێنەرێکی ناخۆش و بێزارکەر دوای ئەنجامدانی ڕەفتار) (قەرەچەتانی، ٢٠١٧: ١٠٢) سزا جەخت لەسەر نەهێشتنی ڕەفتاری نائاسایی، یاخود مەترسیدارو نەخوازراو دەکاتەوە، بەو گریمانەیەی، کە کەسێک سزادراوە کەمتر ئەگەری دوبارەبونەوەی هەیە، کە بەهەمان شێوە ڕەفتاربکاتەوە، وەک: فێرخوازێک کە یاساکانی قوتابخانە دەشکێنێت، ئەوکاتە سزای قوتابخانە دەتوانرێت بەسەریدا بسەپێنرێت.

لەکاتێکدا ئەگەر کەسێک ببێتە هۆکاری زیانگەیاندن بەدەزگایەک لەڕێگەی ئەنجامدانی هەڵەیەکەوە. لەمبارەدا سەرۆکی دەزگا، یاخود مامۆستا دەتوانێت سزای فەرمانبەرەکە، یاخود فێرخوازەکە بدات، بۆنمونە: ئەگەر یەکێک

لەفەرمانبەرانی کۆمپانیایەک ببێتە هۆکاری زیانگەیاندن بەکۆمپانیاکە دەکرێت کۆمپانیاکە موچەکەی کەمبکاتەوە یان لێی ببڕێت، چونکە هەڵەیەکی گەورەی ئەنجامداوەو دەرفەتی ڕاستکردنەوەی لەلایەن هیچ کەسێکەوە نییە.

سکینەر سزا بەبارێکی لەناکاو دەبینێت، کە بەمەبەست لەلایەن کەسانی ترەوە ڕێکدەخرێت، بۆنمونە کاتێک پەنا بۆ سزا دەبرێت، کە کەسێک ڕوبەڕوی ڕەخنە، یان گاڵتەپێکردن دەبێتەوە، یاخود هێرشدەکرێتەسەری، لەپێناو بنبڕکردنی ڕەفتارێکی پەسەندنەکراو لەلایەن ئەو کەسەوە، کە هەڵەکە ئەنجامدەدات. (Skinner, 2012)

سزای ئەرێنی بەوجۆرە سزایە دەوترێت، کە دوای ئەنجامدانی هەر ڕەفتارێکی هەڵە ئاراستەی ئەو کەسە دەکرێت، کە ڕەفتارەکەیکردوە.

لێرەدا هەندێ نمونە دەربارەی سزای ئەرێنی زارەکیی و نازارەکیی دەخەینەڕو:

کاتێک فێرخواز لەهۆڵی خوێندندا بەردەوام دەدوێت و بێدەنگ نابێت، لەبەرانبەردا مامۆستا لەڕێگەی ئاخاوتنەوەبێت، یاخود ئاماژەپێکردنەوەبێت، پێیدەڵێت: بێدەنگبە، یاخود دەیکاتە دەرەوە.

کاتێک فێرخواز کۆششی باشی نەکردوە، لەئەنجامدا لەتاقیکردنەوەکاندا نمرەی باش بەدەستناهێنێت، ئەوکاتە لەڕێگەی مامۆستاکانەوە، یاخود بەڕێوبەرەکەوە ئاگاداردەکرێتەوە، کە پێویستە دایکوباوکی سەردانی قوتابخانەبکەن، یاخود ڕوبەڕوی سەرزەنشتکردنی زارەکیی دەبێتەوە.

بەشدارینەکردنی ڕۆژانەی فێرخواز لەوانەکاندا، دەبێتەهۆی سەرزەنشتکردن و شکاندنەوەی فێرخواز لەلایەن مامۆستاوە لەبەرچاوی هاوپۆلەکانی، یاخود کەمکردنەوەی نمرەیەک لەفێرخواز، کە هەمو ئەمانە دەبنەهۆی ئەوەی فێرخواز ئەو ڕەفتارانە دوبارەنەکاتەوە، بەمەبەستی خۆپاراستن لەدوبارەبونەوەی سزا.

پاداشتی نەرێنی و سزا لەیەکتری جیاوازن. پاداشتی نەرێنی بەواتای سزادان نایەت، لەبەرئەوەی (پاداشت ڕەفتاری پێویست بەهێزدەکات، بەڵام سزا بەپێچەوانەوەیە، ڕەفتارەکە لاوازدەکات) (قەرەچەتانی، ٢٠١٧: 63). پاداشتی نەرێنی بریتییە لەنەهێشتنی وروژێنەرە وەلانراوەکان لەپێناو زیادکردنی ئەگەری دوبارەبونەوەی ڕەفتارەکە، بەواتا ئەگەری ڕەفتارێکی خوازراو زیاددەکات. پاداشتی نەرێنی لابردنی دەرەنجامێکی نەرێنییە، کاتێک ڕەفتارێکی خوازراو ڕودەدات، بەڵام سزا بریتییە لەجێبەجێکردنی وروژێنەرە وەلانراوەکان لەپێناو کەمکردنەوەی ئەگەری دوبارەبونەوەی ئەو ڕەفتارە، بەواتا سزا ئەگەری ڕەفتارێکی نەخوازراو کەمدەکاتەوە، سزا بەڕێوەبردنی دەرەنجامێکی نەرێنییە کاتێک ڕەفتارێکی نەخوازراو ڕودەدات.

## (٢/٢ – ٤) سزای نەرێنی (Negative Punishment):

سزای نەرێنی بریتییە لەلابردنی پاداشتێکی ئەرێنی، جگە لەوەی دەبێتەهۆی پاراستنی ڕەفتارەکە بەمەبەستی کەمکردنەوەی دوبارەبونەوەی ڕەفتاری نەشیاونابەجێ. (Sundel & Sandra, 2005: 5) سکینەر سزا بەشێوازێکی لاواز بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەفتار دادەنێت، لەبەرئەوەی کاریگەرییەکەی لەڕاستکردنەوەی ڕەفتاردا کاتییەو جێگیرنییە، هەروەها لێکەوتەی نەخوازراوی دەبێت، بۆیە بەباشتریدەبینێت پەنابیرێتەبەر جێگرەوەی ڕەفتار نەوەک سزا. (عطية، 2021: 81).

لێرەدا هەندێ نمونە لەبارەی سزای نەرێنی زارەکیی و نازارەکییەوە دەخەینەڕو:

کاتێک مامۆستا وانە ڕاڤەدەکات، فێرخوازێک زۆر دەدوێت و دەبێتە مایەی بێزارکردن و سەرقاڵکردن و تێنەگەیشتنی فێرخوازانی دیکە لەوانەکە، یاخود بەردەوام کێشە و گرفت لەگەڵ سەرجەم فێرخوازەکانی دیکە دروستدەکات، لەئەنجامدا مامۆستاکە ئاگاداریدەکاتەوە، ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوامبێت، ڕێگای داهاتوی سزای نەرێنی دەدرێت، ئەویش ئەوەیە، کە نمرەی لێدەشکێنرێت، یاخود دورخستنەوەو گواستنەوەی بۆ پۆلێکی دیکە، یاخود

کەمکردنەوەی ئەو ئەستێرانەی، کە لەسەرەتای ساڵەوە لەلایەن مامۆستاوە بۆ هەر فێرخوازێک تۆمارکراوە، کاتێک ڕەفتارێکی باشیانکردوە، ئەم ئاگادارکردنەوەیە خۆی لەخۆیدا دەچێتە چوارچێوەی سزاوە، چونکە ئەو فێرخوازە لەبەرچاوی سەرجەم هاوپۆلەکانیاندا ئاگاداردەکرێتەوە. هەندێ کاتیش مامۆستا تەنها لەڕێگەی زمانی جەستەوە، بۆنمونە (چاو، یاخود دەست..تاد)ەوە ئاگاداریدەکاتەوە. دوای ئەوەی بەردەوامدەبێت لەسەر ڕەفتارەکەی ڕاستەخۆ لەلایەن مامۆستاکەوە سزاکەی جێبەجێدەکرێت.

کۆششنەکردن و بەدەستنەهێنانی نمرەی دەرچون، دەبێتەهۆی ئەوەی لەلایەن مامۆستاوە هیچ پاداشتێتێکی ئەرێنی، بۆ نمونە وەک (دەستخۆشیی و ئافەرین ...هتد) بەدەستناهێنێت، یان چەپڵەی بۆ لێنادرێت، یاخود بێبەشبون لەوەرگرتنی دیاری و خەڵات و بگرە لەئەنجامدا سزای نەرێنیش دەدرێت، ئەویش لەڕێگەی ئاگادارکردنەوەوە، کە پێویستە دایکوباوکی سەردانی قوتابخانەبکەن، یاخود لەڕێگەی سەرزەنشتکردنەوە لەلایەن مامۆستاو بەڕێوبەری قوتابخانەکەوە لەبەرچاوی هاوپۆلەکانیدا.

کاتێک مامۆستا ئەرکی ماڵەوە بەفێرخوازاندەدات، لەئەنجامدا یەکێک، یاخود چەند فێرخوازێک ئەرکەکانیان جێبەجێناکەن، لەبەرانبەردا مامۆستا سزای نەرێنی بەسەردا دەسەپێنێت و نمرەی لێدەشکێنێت و لەهەمانکاتدا فێرخوازەکانی دیکە، کە ئەرکەکانیان جێبەجێکردوە، چەندین وشەو دەستەواژەی جوان و ئەرێنییان بۆ دەنوسرێت، وەک: (هەربژیت گوڵەی پۆل، دەستخۆش گوڵەکەی خۆم، ئافەرین شێری پۆلەکە...تاد)، لێرەدا ئەو فێرخوازە، یاخود ئەو چەند فێرخوازە بێبەشدەبن لەو دەستەواژە جوانانە، یاخود بێبەشبون لەپێدانی (کارت، ئەستێرە...تاد) کەواتە بێبەشبون لەپاداشتە ئەرێنییەکان، خۆی لەخۆیدا دەبێتەهۆی سزای نەرێنی بۆ فێرخواز.

ئەو فێرخوازانەی لەکاتی تاقیکردنەوەدا هەوڵی گزیکردندەدەن، بەوەی هەوڵی تەماشاکردنی دەفتەری هاوڕێ و هاوپۆلەکەی دەدات، لەئەنجامدا مامۆستاکە بەشێوەیەکی زارەکیی، یاخود بەئاماژە ئاگاداریدەکاتەوە، لەڕێگەی چاوەوە، یاخود دەستەوەبێت، ئەگەر واز لەو ڕەفتارە نەهێنێت ئەوکاتە  شوێنەکەی دەگۆڕێت، یاخود دەیکاتەدەرەوە. بێگومان ئەگەر فێرخوازەکە وازینەهێنا لەو ڕەفتارە نادروستە، ئەوکاتە گۆڕینی شوێنی فێرخوازەکە باشترین بژاردەیە، نەوەک کردنەدەرەوەی لەهۆڵی تاقیکردنەوە، چونکە ڕەنگە چەندین لێکەوتەی خراپی لێبکەوێتەوە.

زۆربەی زانایان لەدوای کۆمەڵێک توێژینەوە لەبواری پەروەردەو دەرونناسیدا بۆیاندەرکەوت، کە بەکارهێنانی سزا ئازارو زەرەرو زیانەکانی زۆر زیاترە لەسودو قازانجەکانی. (قەرەچەتانی، ٢٠١٧: ١٠٣).

لەسزای نەرێنیدا ئەوکەسەی بڕیاری سزادەدات، پێویستە هەندێک خاڵ لەبەرچاوبگرێت:

## یەکەم: بڕیاردان بەخێرایی:

بڕیاردان بەخێرایی ئەوەیە: هەرکاتێک ڕێککاری تەمێکردن لەتاوانە ڕاستەقینەکە نزیکتربێت، لێرەدا ئەگەری ئەوە زیاترە، کە کەسی سەرپێچیکار سزاکە پەیوەست بەتاوانەکەوە، یاخود بەڕەفتاری نەخوازراوەکەوە بکات، نەک ئەنجامدەری سزاکە. (Robbins & others 2009: 64)

## دووەم: ڕێکخراو بەسستماتیکردنی سزاکە:

پێویستە سزاکە بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەرنامە بۆ دارێژراوبێت، بۆنمونە: لەچوارچێوەی پۆلدا ئەگەر هەر فێرخوازێک لەکاتی ئامادەبونی بۆ ناو پۆل دوابکەوێت، پێویستە هەمو جارێک سزا بدرێت، کە لەکاتی دیاریکراودا ئامادەنەبوە. ئەم سزایە پێویستە بەبەردەوامی و بەڕێکخراوەیی جێبەجێبکرێت، تاوەکو واز لەم ڕەفتارە نائاساییە بهێنێت، لەهەر بارودۆخێکدا ئەگەر مامۆستا نەیتوانی بەبەردەوامی سزای فێرخوازەکەبدات، ئەوکاتە یاساکانی هەمان کاریگەریان نابێت

و ڕەنگە فێرخوازەکە پرسیاربکات، یاخود پرسیار لەشێوازی سزادانی مامۆستاکان بکات. (Robbins & others 2009: 64)

پێویستە زیاتر پەنابرێتەبەر پاداشتی ئەرێنی نەک سزا، لەبەرئەوەی (کارلێکی خراپ لەڕوی سۆزدارییەوە بەهێزترە لەکارلێکەباشەکان، گرنگە هاوسەنگی لەنێوان باش و خراپدا ڕابگیرێت، ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی پاداشتی ئەرێنییەوەیە نەک سزا.) (Baumeister & Others, 2001: 359) سزای تایبەت زۆرباشترە لەسزای گشتی، بەواتا بەتەنها سزای فێرخوازەکەبدرێت، نەک لەبەردەم هەموان، لەبەرئەوەی لەسزای گشتیدا ڕەنگە فێرخوازەکە شەرمەزاربێت وکاریگەری نەرێنی لەسەر دروستبکات. (Slocum & Hellriegel, 2007: 204)

پێویستە بەشێوەیەکی هەستیار مامەڵە لەگەڵ سزابکرێت، بۆیە لێرەدا چەند مەترسییەکی سزای نەرێنی دەخەینەڕو: (قەرەچەتانی، ٢٠١٧: ١٠٣-١٠٦)

- سزا دەبێتە بەجێهێشتنی شوێنەوارێکی دەرونیی ترسناک، هیچ کەس ڕازینابێت ئازارو سزابدرێت و سوکایەتیپێبکرێت، تەنانەت ئەگەر خۆشەویسترین کەسیشی بێت، چونکە توشی خەموخەفەت و دڵەڕاوکێ و ئازارێکی دەرونیی زۆردەبێت و شوێنەواری ئەو ئازارە لەسەر لایەنی دەرونیی و کەسایەتی ئەو کەسە جێدەهێڵێت.
- هەندێکجار ئەو کەسەی سزادەدرێت، لەگەڵ ئەو ئازار و سزایە ڕادێت و دەتوانێت خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێت، ئەوکاتە ئەو سزایە سودو ئاکامی نابێت، بۆیە پێویستە ڕێژەی سزاکە زیادبکرێت، تاوەکو کاریگەری هەبێت، ئەمەیش دوبارە دەبێتەهۆی ئەوەی فێرخواز لەسەر سزاکە ڕابێت، ئەوکاتە فێرخوازەکە وایلێدێت چێژ لەوەرگرتنی سزا وەربگرێت.
- بەهۆی سزادانی کەسێکەوە، کەسانی دەوروبەری سزادراوەکە دەبنە قوربانی، بۆنمونە: ئەگەر لەقوتابخانە بەردەوام ئازارو سزا بەکاربهێنرێت، ئەوکاتە ئەو فێرخوازەی سزادراوە، هەوڵدەدات تۆڵەی خۆیبکاتەوە لەفێرخوازانی لاوازو بێدەسەڵاتبکاتەوە.
- زۆرجار سزا زیانی لاوەکی دەبێت، بە واتا ئەگەر بەردەوام مامۆستا بەفێرخوازەکانی بڵێت ئێوە: خراپ، بێتوانا، نەزان ...تاد. ئەمانە خۆی لەخۆیدا سزاو ئازاری دەرونین. هەرکات بەتواناو لێهاتو ژیریش بن، بۆچونێکی هەڵەیان لا دروست، کە خراپن و بەکەڵکی هیچ نایەن.
- لەداهاتودا ئەگەری زۆرە فێرخوازانی سزادەر، وەک مامۆستاکەی دەربچێت.
- دەبێتەهۆی تێکدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان سزادەرو سزادراو.
- دوای بەکارهێنانی سزا ئەگەری زۆر هەیە مامۆستا توشی کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و یاسایی ببێت و دایکوباوکی فێرخوازەکە لێی خۆشنەبن.

## (٢/٢ – ٥) نەبونی پاداشت (Extinction Reinforcement):


لەناوچون (Extinction)، بەواتا (نەبونی پاداشت)، بەکورتی بەواتای کەمکردنەوەی ئەگەری ڕەفتاری نەخوازراو لەڕێگەی لابردنی پاداشتەوە، بۆ نمونە: فێرخوازێک بەردەوام کۆششدەکات و نمرەی بەرز بەدەستدەهێنێت و پاکوخاوێن و هێمنە، لەبەرانبەردا مامۆستا هیچ پاداشتێکی پێشکەشناکات و بگرە ئەو فێرخوازانەی کۆششناکەن نمرەیان پێدەدات، تاوەکو دەربچن. دەرەنجام ئەو فێرخوازە هیچ ئارەزو تامەزرۆییەکی بۆ هەوڵدان و خوێندن نامێنێت. لەبەرانبەردا ئاستی زانستیی پۆلەکە دادەبەزێت، یاخود کاتێک مامۆستا پرسیاری وانەکە ئاراستەی

فێرخوازەکان دەکات لەبەرانبەردا فێرخوازێک بەردەوام دەستبەرزدەکاتەوەو مامۆستاکە هیچ تەماشایناکات و ڕێگەی پێنادات بەشداربیکات، ئەمەیش لەئەنجامدا دەبێتەهۆی بێهیوابون و کشانەوەی فێرخوازەکە لەکۆششکردن.

لێرەدا هەندێک نمونەی زارەکیی و نازارەکیی دەربارەی نەبونی پاداشت دەخەینەڕو:

کاتێک مامۆستا هیچ جیاوازییەک نەکات لەنێوان ئەو فێرخوازانەی بەردەوام ئەرکەکانی ماڵەوەیان بەباشترین و جوانترین شێواز جێبەجێدەکەن، لەگەڵ ئەو فێرخوازانەی، کە وەک پێویست ئەرکەکانیان جێبەجێناکەن، یاخود فەرامۆشیدەکەن، بەواتا مامۆستا دەستبەرداری پاداشتی زارەکیی و نازارەکیی ببێت لەبەرانبەر ئەو فێرخوازانەی کە شایەنی ستایشکردن و دەستخۆشین.

ئەو فێرخوازانەی باش کۆششدەکەن وبەردەوام دەست بەرزدەکەنەوە بەمەبەستی بەشداریکردن و وەڵامدانەوەی دروست، یاخود بەدەستهێنانی نمرەی بەرز لەتاقیکردنەوەکاندا، بەڵام لەئەنجامدا هیچ جۆرە پاداشتێک بەدەستناهێنن، تەنانەت پاداشتی کۆمەڵایەتیش، کە ئاسانترین جۆری پاداشتە.




کەواتە لەم خشتەیەدا بۆماندەردەکەوێت، کە پاداشتی (ئەرێنی _ نەرێنی) و سزای (ئەرێنی _ نەرێنی) دەبێتە زیادکردن و کەمکردنەوەی ڕەفتاری نەخوازراوی کەسەکە.

ئەگەر پاداشتی (ئەرێنی و نەرێنی) زیادبکات، دەبێتەهۆی ئەوەی ڕەفتاری خوازراویش زیاد بکات. بەهەمان شێوە سزای (ئەرێنی _ نەرێنی) کەمدەبێتەوەو دەبێتەهۆی کەمبونەوەی ڕەفتاری نەخوازراو.

## (٣/٢) جۆرەکانی پاداشت و پاڵپشتیکردن:

هەڵبژاردنی پاداشت خاڵێکی گرنگ و سەرەکییە، پێویستی بەپلانێکی تۆکمەو ورد هەیە، چونکە هەندێک پاداشت بۆ گروپێک گونجاوە، ڕەنگە بۆ گروپەکانی دیکە گونجاو نەبێت. پێویستە پاداشتی کەسێک بەهاو تایبەتمەندی تاگەرایی جیاوازی هەبێت. بەمەبەستی دەستنیشانکردنی باشترین پاداشت بۆ فێرخواز، سەرەتا پێویستە لەڕێگەی سەرنجدانەوە دەستپێبکرێت، کە ئەمەیش لەڕێگەی چاودێریکردنی فێرخوازانەوە دەبێت، هەروەها دڵنیابیت لەوەی کە ئارەزوی چ جۆرە چالاکییەکدەکەن لەبەرانبەردا هەڵبژاردنی پاداشتی ڕاست و دروست، کە لەگەڵ ڕەفتارەکانیاندا بگونجێت.

ئەگەر مامۆستا درکی بەحەزو ئارەزوی فێرخوازەکانی نەکرد، یاخود دڵنیانەبو، ئەوا پێویستە پەنابەرێتەبەر پرسیارکردن لەخودی خۆیان بەمەبەستی دڵنیابونەوە. چاودێری و هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە، مامۆستا لێی بەرپرسە، تاوەکو دڵنیابێت لەوەی پاڵپشتیکردنی ڕاست و دروستی تایبەت بەفێرخوازەکان هەڵبژاردوە. لێرەدا جۆرە جیاوازەکانی پاداشت دەخەینەڕو:

## ١. پاداشتی کۆمەڵایەتی (Social Reinforcement):

پاداشتی کۆمەڵایەتی هەمیشە بەهاندانێکی کاریگەر بۆ فێرخوازان دادەنرێت، بۆ نمونە: کاتێک مامۆستا لەکاتی چونە ژورەوەی بۆ ناو پۆلەکە بەڕویەکی خۆشەوە سڵاویان لێبکات و ببێتە دەستپێکێکی نوێ بۆ وانەکە، ئەمە دەبێتەهۆی دروستبونی کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر فێرخوازەکان. بەکارهێنانی هەندێ وشەو دەستەواژە، کە نمونەی پاڵپشتیکردن و پاداشتی کۆمەڵایەتین، وەک: (سوپاس، ئافەرین، دەستخۆش، هەربژیت....هتد) لەگەڵ پەنابردنەبەر زمانی جەستە، وەک: زەردەخەنە، دەست خستنەسەر شان، بەکارهێنانی دەست، یاخود چاو وەک ئاماژەیەک بۆ ڕاست و دروستی وەڵامی فێرخوازەکە، هەمو ئەمانە دەبنە هاندەرو کاریگەری ئەرێنی لەسەر فێرخوازەکە زیاددەکات. (حسن، شاکر، 2015: 48)

پاداشتی کۆمەڵایەتی بەباشترین و ساناترین جۆری پاداشت دادەنرێت، بەرانبەر بەچالاکییەکانی تر، بەڵام بەمەرجێک (نابێت هیچ ناڕونییەک لەپاداشتە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبێت، بەڵکو پێویستە هەمو شتێک ڕون و ئاشکرابێت بۆ فێرخوازەکان). (حسن، شاکر، 2015: 48)

## ٢. پاداشتی هێمایی (Token Reinforcement):

لەمجۆرە پاداشتەدا شتێکی هێمایی و ڕەمزی بەفێرخوازەکە دەبەخشرێت، وەک: (کارت و ئەستێرە ڕەنگاو ڕەنگان و خاڵ... تاد) بەهۆی ڕەفتارە ئەرێنییەکانیانەوە، (قەرەچەتانی، ٢٠١٧: 66) بۆ نمونە دەتوانرێت کارت پێشکەش بەفێرخوازێک بکرێت، کە لەیەک تاقیکردنەوەی تایبەتدا بەباشی کۆششیکردوەو بەرزترین نمرەی بەدەستهێناوە، هەروەها ئەم کردەوەیە دەبێتە پاڵنەرێک بۆ فێرخوازەکانی دیکە، کە زیاتر کۆششبکەن.

## ٣. پاداشتی ماددی (Tangible Reinforcement):

ئەمجۆرە پاداشتە هەمو ئەو دیارییە ماددیانە دەگرێتەوە، وەک: (چیرۆک، قەڵەم، دەفتەر، سەیارە، بوکەڵە ... تاد).(حسن، شاکر، 2015: 49)

## ٤. پاداشتی چالاکی:(Activity Reinforcers)

پاداشتی چالاکی، ئەو چالاکییانەن کە وەک پاداشت و خەڵات پێشکەش بەفێرخوازەکان دەکرێت، بۆنمونە مامۆستا بەڵێنی گەشتێکی کورت بەفێرخوازەکانیدەدات لەبەرانبەر سەرکەوتنی پۆلەکەیان لەپێشبڕکێیەکدا، یاخود لەبەرانبەر پاکوخاوێنی پۆلەکەیاندا، یان لەبەرانبەر هێمنی و ئارامیی فێرخوازەکاندا. لێرەدا هەڵبژاردنی چالاکییەکە بەندە بەفێرخوازەکان و پۆلەکەوە، کە چ جۆرە چالاکییەک زیاتر لەگەڵیان دەگونجێت، کەواتە ئەمجۆرە پاڵپشتیکردنە چالاکییەکی ئەرێنییە، کە دەتوانێت چێژ لەگەڵ خۆیدا بهێنێت. (حسن، شاکر، 2015: 48)

## ٥. پاداشتی خۆراکی(Food Reinforcement):

بریتیین لەوشتانەی کە بەفێرخوازدەدرێت و شایەنی خواردن و خواردنەوەن، وەک: (نان، بسکیت، شەربەت، کێک، نەستەلە، نقوڵ...تاد) (قەرەچەتانی، ٢٠١٧: 65).

## ئەنجام

1. زانستی زمانی پەروەردەیی، زانستێکی فرەڕەهەندو هەمەچەشنە، کاریگەری زۆربەی لقە زانستەکانی دیکەی بەسەرەوەیە، بۆیە بۆ شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی بوارەکانی پەنادەبرێتەبەر تیۆرەکانی ئەو لقە زانستانە.

2. تیۆری (پاڵپشتیکردنی پاڵنەر) ی (سکینەر) لەڕێگەی پاداشت و سزاوە کار لەسەر ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری مرۆڤ دەکات، بۆیە ئەم تیۆرە ئامانجدارەو ڕۆڵێکی بەرچاوی لەپرۆسەی خوێندندا هەیە، پێویستە پەروەردە زیاتر پەرەیپێبدات و سودی لێوەربگیرێت، بەڵام بەپێی پلانێکی تۆکمەو بەرنامە بۆ دارێژراو کاری لەسەربکرێت و لەڕێگاکانی وانەوتنەوەدا ڕەچاوبکرێت، کە زیاتر جەخت لەسەر لایەنە ئەرێنییەکانی تیۆرەکە بکرێت و خۆیان لەلایەنە نەرێنییەکانی بەدوربگرن لەپێناو خۆپاراستن لەلێکەوتە خراپەکانی.

3. پاداشت هەمەجۆرە، هەریەکەیان دەبێتە پاڵنەرو هاندەرێکی بەهێز بۆ لایەنی دەرونیی فێرخواز. پاداشت و هاندانی ڕەفتارو ئاکارە دروستەکانی فێرخواز، هەوڵی دوبارەکردنەوەی دەدرێت، کە دەبێت بەهەوێن و کانگەی فێربون، پاشان دەبێت بەخو و دەبێتەهۆی بنیاتنانی کەسێتی مرۆڤ. پاداشت چەند مەرجێکی هەیە پێویستە پەیرەوبکرێت. دەبێت هەڵبژاردنی پاداشت گۆڕانکاری تێدابکرێت و تەنها یەک جۆری بەکارنەهێنرێت، بەڵام پاداشتی کۆمەڵایەتی بەباشترین و ساناترین و خێراترین جۆری پاداشت دادەنرێت، کە لەڕێگەی وشەو دەربڕینەکانەوە پێشکەشدەکرێت.

4. سکینەر بەهاو نرخی پاداشت لەپرۆسەی فێربونداو بەتایبەتی لەپەروەردەدا دەخاتەڕو، هەروەها بەکارهێنانی پاداشت بەباشتردەبینێت بەراورد بەسزا، لەبەرئەوەی پاداشت دەورێکی گەورە لە بەدەستهێنانی فێربونی پێویستدا دەبینێت، بەڵام سزا بەشێوازێکی لاواز بۆ ڕاستکردنەوەو ڕێککاری ڕەفتار دادەنێت، لەبەرئەوەی کاتییەو جێگیرنییە، هەروەها لێکەوتەی نەخوازراوی دەبێت، بۆیە بە باشتریدەبینێت پەنا ببرێتەبەر جێگرەوەی ڕەفتار نەوەک سزا.

5. مامۆستایەتی یەکێکە لەو پیشانەی، کە پەیوەستە بەبەکارهێنانی دەنگەوەو لەئەنجامدا دەنگەژێیەکانیان ڕوبەڕوی ماندوبون و گرفتدەبێتەوە، بۆیە بەکارهێنانی پاداشت و سزای نازمانیی دەبێتە هاوکارو یارمەتیدەرێکی باش بۆ مامۆستا، تاوەکو کەمێک پشو بەدەنگەژێیەکانی بدات و پەیامەکەی دور لەئاخاوتن بگەیەنێت، بەمەرجێک مەبەست و کاریگەرییەکەی لەدەستنەدات.

6. پاداشتی نەرێنی و سزا لەیەکتری جیاوازن. پاداشتی نەرێنی بەواتای سزادان نایەت، لەبەرئەوەی پاداشت ڕەفتارو ئاکاری ڕاست و دروست بەهێزدەکات، لەبەرانبەردا سزا ڕەفتاری نادروست لاوازدەکات. دەبێت مامۆستا درک بەجیاوازی نێوان ئەم دولایەنەبکات و فێرخوازەکانی لەو ڕاستییە ئاگاداربکاتەوە.

## سەرچاوەکان:

ئەمین، هەوار عومەر فەقێ (2022) بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لەپرۆگرامی خوێندندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
حەسەن، ئاشتی ئەحمەد (2022)، ئاریشەکانی پەروەردەی جوتزمانی لەپرۆسەی فێرکردندا (بازنەی یەکەمی خوێندن بەنمونە)، نامەر ماستەر، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی گەرمیان.
سەعید، یوسف شەریف(2011)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
عەلی، بەکر عومەر. کاروان. کەمال، ئاڤێستا (2011)، فێربون و فێرکردن لەڕوانگەی زانستی زمانی پەروەردەییەوە، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی، هەولێر.
قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2008)، سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، سلێمانی.
_______________ (2015)، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی چوارەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
_______________ (2017)، ڕاستکردنەوەو گۆڕینی ڕەفتار، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
ابرير، بشير(د.ت)، التعليمة معرفة علمية خصبة، مجلة اللغة العربية، الجزائر، العدد العاشر.
بناني، رشيد(١٩٩١) من الديداكتيك الى البيداغوجيا، الحوار الاكاديمي و الجامعي، الدارالبيضاء، ذ1.
بن عمر، محمد صالح (١٩٩٨)، كيف نعلم العربية لغة حية، دارالخدمات العامة، تونس.

حسن، حسين حميد. شاكر، انوار فاروق (2015)، فاعلية اسلوب التعزيز في التحصيل والاتجاه نحو مادة التاريخ لدى طلاب الصف الاول المتوسط، مجلة ديالى، العدد: 68.
الجيزاني، محمد كاظم جاسم (2018)، نظريات التعلم و التعليم الصفي " مفاهيم، نظريات، تطبيقات"، ط1، مكتب زاكي للطباعة، بغداد.
دوهلاي، ميشال (١٩٩٧)، التعليمية و البيداغوجيا، مجلة معالم، العدد 1، دار مارينور للنشر، الجزائر.
الراجحي، عبده (١٩٩٥)، علم اللغة التطبيقي وتعليم العربية، اسكندرية/مصر، دارالمعرفة الجامعية.
رتيبة، بوفروم (2009)، تعليمية اللغة العربية في مرحلة مابعد التمدرس، رسالة ماجستير، جامعة وهران، الجزائر.
الزغول، عيماد عبدالرحيم (2012)، مبادىء علم النفس التربوي، الطبعة (2)، دار الكتاب الجامعي، العين – الامارات.
شمس الدين، جلال (2003)، علم اللغة النفسى مناهجه و نظرياته و قضاياه، الجزء الاول، الناشر مؤسسة الثقافة الجامعية، الاسكندرية.
عطية، سعدي جاسم (2021)، بورهوس فريدريك سكنر، رسالة ماجستير، كلية التربية الاساسية، الجامعة المستنصرية.
عليک، كايسة (2014)، المقاربة البنوية في تعليم اللغات و تعلمها، مخبر الممارسات اللغوية في الجزائر، ع: 22.
Alduais, Ahmad. M. S. (2012), A Monograph on: Educational Linguistics, it's Origin, Definitions and Issues it Accounts for, International Journal of Education, vol: 4, No: 4.
Baumeister, Roy F. Bratslavsky, Ellen Finkenauer, Catrin & Vohs, Kathleen D. (2001), Bad of General Psychology, Vol: 5, No: 4.
Banaji, M. (2011), Reinforcement theory, Harvard gazette, Retrieved from (http:// news.harvard.edu/gazette/story/multimedia/reinforcement-theory).
Butler, Katharine G. & Silliman, Elaine R. (2002), Speaking, Reading and Writing in Children With Language Learning Disabilities: New Paradigms in Research and Practice, Lawrence Erlbalm Associates, Mahwah, New Jersey. London.
Campbell, John. (2006) Theorising Habits of Mind as a Framework for Learning. Abstracts of Conference Papers, Central Queensland university.
Crystal, David (2008), A Dictionary of Linguistics and phonetics, 6th.ed, BlackWell puplishing, Australia.
Gross, Jean (1996), Special Educational Needs in The Primary School, Open University Press. UK, (Second Edition).
Hornberger, Nancy. H (2001), Educational Linguistics, Oxford Bibliographies, 26 may.
Kumaravadivelu, Bala(2006), Understanding Language Teaching: From Method to postmethod, Lawrence Erlbaum Associates, publishers, Mahwah. New Jersey, London.
Marzieh Gordan and Isai Amutan Krishanan (2014 March 30). A Review of B.F.Skinners Reinforcement theory of motivation. International Journal of reaserch in Education Methodlogy. (vol: 5. no: 3).
Petri, Herbert L. (1981), Motivation: Theory, Research, and Application. Forth Edition. Cole publishing Company.
Richards, Jack. C (2002), Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics, Routledge Taylor and Francis.
Robbins, Stephen p.& Judge, Timothy A. & Odendaal, Aletta. & Roodt, Gert(2009), Organisational Behaviour: Global and Southern African perspectives. Edi: 2.
Sequeira, Aloysius Henry (2012). Introduction to Concepts of Teaching and Learning. National Institute of Technology Karnataka, Surathkal, India.
Spolsky, Bernard & Hult, Francis M. (2008), The Hand book of Educational Linguistics.
Skinner, B.F, Abrief survery of Operant Behavior, 20 May (2012), from the B.F. Skinner Foundation. Website: http:// www. Bfskinner.org/BF Skinner.org/ BFSkinner/SurveyOperantBehavior.html.
Slocum, John.w. & Hellriegel, Don (2007), Fundamentals of Organizational Behavior, USA: Thomson/ South - Western.
Sundel, Martin & Sundel, Sandra S. (2005), Behavior Change in the Human Services: Behavioral and Cognitive Principles and Applications, online pub date: june 19. 2012.